تەوەرێک دەربارەی «نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی»



WWW.JINEFTIN.KRD

# چۆن «ڕەهەند» بخوێنینەوە؟

وەلید عومەر

ژنەفتن
ماڵپەڕێکی هزری و کولتوورییە

## «ڕەهەند» و تۆماری «مێژوو»

ڕەنگە ئاشکرا بێت کە «مێژوو» خۆی قسەکەری کۆتاییی شتەکانە، ئەوەی مێژوو تۆماری دەکات سەرووترە لە ویستی ئەم کەس و ئەو کەس. بۆیە قسەکردن لەسەر «ڕەهەند»، قسەکردنە لەسەر شتێک کە مێژوو پێشوەخت قسەی تیا کردووە، بۆیە ئێستا باسەکە دێتەوە بەردەم زۆرێکمان و ئێمە بە نێوانگریی مێژوو هاتووینەگۆ. دیارە هەر لە سەرەتاوە وشەی «مێژوو»م خستە کەوانەوە، چونکە لە شوێنانی تردا ڕێژەیەک گومانمان هەیە لەوەی ئەو «مێژوو»ەی بەکاری دێنین، هەموو خەسڵەتەکانی مێژووی مۆدێرنی خۆراوایی هەڵگرتبێت. گریمانەکەمان ئەوەیە لێرەدا باییی ئەوە کەڵەکەبوونی ڕووداو و ڕابردوومان هەیە، کە لە کەوانەشدا بێت چەمکی «مێژوو» بەکار بێنین. لەمە بترازێت ئەوا چەمکی «مێژوو» گەلێک گرفتدارە و هەموو ئەم گرفتانەی ئێرەشی لەخۆ گرتووە کە بریتیین لە مۆدێرنە، پانتاییی ڕۆشنبیری، ئەرکی ڕۆشنبیر و هتد، کە سەرتاپا لە هەناوی «مێژوو»ی مۆدێرنەوە دێنەدەرێ. خاڵەکە لەوێدا ئاڵۆز دەبێتەوە بۆمان کە ناچارین ئەو چەمکە مۆدێرنە مێژووییانە لە خۆراواوە وەربگرین، لە کاتێکدا خودی گەشە مێژووییە سروشتییەکە لای ئێمە ئامادەیی نییە. خۆراوا خۆی چەمکی «مێژوو» بەرهەم دێنێت، فەلسەفەی هیگڵ خۆی بەڵگەیەکی ڕوونە لە فیکریی مۆدێرندا. بەڵام ئەم چەمکە یان بگرە هەموو مۆدێرنەی خۆراوا بۆ دەرەوەی خۆی وەک سەنتەرێکی غایب( Absent center)ی لێ دێت، بەتایبەتیش بۆ ئێمەی کورد. هەر شتێکی خۆراوا لێرە بێت، ئەوا مۆدێرنەکەی وەک ڕووداوێکی تاقانە لێرە نییە. دەبێت لە ڕێگەی هاوشوناسبوون و خۆهاوشێوەکردنەوە، لێی نزیک بینەوە. گەر پانتاییی ڕۆشنبیری وەربگرین بەو فۆرمەی زۆر کەس مەبەستێتی، ئەوا چەمکێکی مۆدێرنە و سەر بە خۆراوایە. بەڵام کۆمەڵگاکانی تریش گواستوویانەتەوە و دوو سەدە زیاترە لە قەیرانەکانیدا دەژیین. ڕیشەی قەیرانەکەش، بە پلەی یەکەم هەر ئەوەیە کە سەنتەرە غایبەکە لێرە نییە، بەڵکوو لە جێیەکی

تره. هاوكات ئەمە ڕێی لەوەش نەگرتووە كە كۆمەڵگاكانی تر پانتاییی ڕۆشنبیری دروست بكەن، بەڵكوو بە هەموو قەیرانەكانییەوە ناتوانن دانیشن و دروستی نەكەن. بەڵام ئیتر ڕوونیشە دەبێت دەستوپەنجە لەگەڵ ناهاوسەنگییەكی بنەڕەتییدا نەرم بكەن كە بەرهەمی ئەو سەنتەرە غاییبەیە. هەمووان دەزانن مۆدێرنە ناوێكی تاقانەیە بۆ ڕووداوێک لە خۆراوا، بەڵام ژمارەیەكی زۆر فۆرمیشی لێ دەكەوێتەوە و هەریەكە چارەنووسی خۆی دەگرێتەبەر(بۆ نموونە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چارەنووسی جیاجیا و هاوكات هاوبەشیشی هەیە). جا لە خۆراوا مۆدێرنە لە ڕەوتی گەشەی خۆیدا بەرەو پۆستمۆدێرنە هاتووە و باس لە سستبوون و تەنانەت كۆتاهاتنی ئەركەكانی مێژوو دەكرێت. بەڵام وێڕای ئەمەش، مێژوو كۆمەڵێک ئەركی تری هەر دەمێنێت، چونكە سەرەنجام مرۆڤ وەک سوبێكت ناتوێتەوە، هەتا لەوپەڕی بێئاراستەیی و پشێوییشدا مێژوو جۆرە داوەرییەكی هەر دەمێنێت. بۆ ئەوەی لە باسەكە دوور نەكەوینەوە، ئاماژەكەمان لەسەر ئەم داوەرییەی مێژووە كە لە خۆراوا بێت یان نوسخە خۆرهەڵاتییە/كوردییەكەیدا، ئەوا لایكەمییەكەی دەنگێک و ئاسەوارێكی كاڵیش بێت هەر جێ دەهێڵێت. بۆ ئەوەشی چالاكییەكی تایبەت یان پرۆژەیەک لەناو كولتوورێكدا بخوێنینەوە، ئەوا پێم وایە هەرچەند گوماناوی و خەوشداریش بێت، ئەوا پێویست بەوە دەكات پێوەرەكە بەڕۆشنی بخەیتە ڕوو: واتێدەگەم «تەوقیت – كاریگەری – بیرەوەری» ئەو سێ توخمەن كە لە پرۆسەیەكی زەمەنیدا دەتوانن ناوی دیاردەیەک یان ڕووداوێک یاخود پرۆژەیەک تۆمار بكەن. واتە مێژوو جۆرە پاكانەحیسابێكی ناوەكی هەیە كە لەسەروو ویستی هەموانەوە دەگوزەرێت. لە پانتاییی ڕۆشنبیریدا، زۆر جار قۆستنەوەی **تەوقیت**ێک وادەكات **كاریگەری** لە ئاستێكدا جێ بمێنێت و سەرەنجام ببێتە **بیرەوەری**، واتە ئەم سێ توخمە شتێک تۆمار دەكەن. ئێستاش كە باسی گۆڤاری «ڕەهەند» دەكەین، پێم وایە بەرەنجامی ئەم سێ توخمەیە، بۆیە لە جێیەكی پانتاییە ڕۆشنبیرییەكەماندا تۆمار كراوە و ئەمڕۆ دێین قسەی لەسەر دەكەین. بەڵام قسە بكەین یان نا، «مێژوو» هەڵیكۆڵیوە و لەخۆیدا هێشتوویەتییەوە. ئەم

داوەرییەی «مێژوو»، شتێکە لە دەسەڵاتی بکەرە مرۆییەکان بەدەرە. هەتا لە مانا پێشمۆدێرنەکەی مێژووشدا هەر بەم جۆرە بووە. دیارە ڕەنگە چینێک، توێژێک و بنەماڵەیەک کۆمەڵێک ڕاستی بەلاڕێدا ببەن، بەڵام هەموو ئەگەرەکانی ڕاستییەکە داناخەن و دەرفەتی دۆزینەوە و هەڵماڵینی هەر تیا دەمێنێت. ناڵێم «مێژوو» خوایەکی دادپەروەرە، بەڵکوو هیچ نەبێت کۆمەڵێک نۆرم و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە کە تەوقیت و چرکەساتە مەرامدارەکانی خۆی تۆمار دەکات. جا بۆیە «مێژوو» گەرچی زۆر ڕەخنە کراوە و گوتراوە هەندێ لە ئەرکەکانی لەدەست داوە، بەڵام پێم وایە کۆمەڵێک ئەرکی تری هەیە کە هەروا ئاسان لەناو ناچێت. مرۆڤەکان هەتا بەبێ ئاراستە و شێتانە و سوریالییانەش درێژە بە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان بدەن، ئەوا ڕێسایەکی مێژوویی دەمێنێت کە دادگایی کارەکانیان بکات. ئەم ڕێسایە لە ئاسمانەوە نەهاتووە، بەڵکوو گەر هەر وشەی ئاسمان خۆی بەکار بێنین لە ئاسمانی نێوسوبێکتی و پێکەوەیی مرۆڤەکانەوە خوڵقاوە. بەرەنجامی ئەو زێدەیاسایانەی ڕۆژانەیە کە کۆدەبنەوە و مەحکەمەیەک دروست دەکەن. مێژوو شتەکان تۆمار دەکات، بەڵام ئەو شتانەی کە پەیژە سروشتییەکانی گەشەیان بڕیوە. مێژوو خاڵی نییە لە چانسی کوێرانە، بەڵام چانسەکان توانای ئەوەشیان نییە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ یاساکان بسڕنەوە و پەکی بخەن. چانس، ترازانێکە لە درزی یاساکانی ناو مێژوو خۆیەوە. ئەم یاسایانە، کۆمەڵێک یاسای پەستێنراون، هەزاران چرکەسات لێک دەدەن و چکاوەیەکی لێ وەردەگرێت. زۆر جار شتێک دەکەیت و پێت وایە گرنگە، بەڵام لە مێژوودا خاڵێکی زۆر بچوکیش نییە. مێژوو هەزاران خاڵ گرێ دەدات بە یەکترەوە و ساتێکی بچوکی لێ تۆمار دەکات.

بەنیسبەت پانتاییی ڕۆشنبیرییشەوە، سەرباری هەموو کزی و فەرامۆشی و ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی، دیسان جۆرێک لە فاکتی تاریخی هەیە چالاکییەکان تۆمار بکات. خاڵە فیکرییەکە لێرەدا بەسەریەکەوە بریتییە لەوەی کە **«ڕەهەند» چرکەساتێکی**

**تۆماربووی ڕۆشنبیریمانە و بەر لەوەی ئاکاری مرۆیی تۆماری بکات، لە لایەن ئاکارە ناوەکییەکەی «مێژوو» خۆیەوە تۆمار کراوە.** دیارە «مێژوو» خۆی دیاردەیەکی بەتەواویی دەرەکی نییە، بەڵام کۆمەڵێک دیوی مرۆیی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە و لە دەستی تاکەتاکەی مرۆڤەکان دەریدێنێت و هەر بەسەر خۆیشیاندا پیادەی دەکاتەوە. ئەم پیادەکردنەش، بە هۆی پرۆسەیەکی پاشەوپاش و ڕیترۆئەکتیڤانەوە تێدەگەین: پاش دوو دەیە زیاتر، ڕەهەند دەبێتە «ڕەهەند». هەمیشە کەمێک درەنگتر تێدەگەین چی ڕوویداوە. بە مانایەکی تر، لە کۆدا و بە چاوێکی گشتبینانەوە تێدەگەین چ ڕوویداوە. «مێژوو» لە بەشدا ناگیرێت و ناخوێنرێتەوە، تا ئەو کاتەی نەیبەستێت بە **گشت** و کۆی پرۆسەکەوە. ڕەنگە زەحمەت بێت لە نووسینێکی بچوک و سەرەتایی وەهادا، قۆناغێک هەڵسەنگێنین کە بەشێکی ئۆرگانی نەبوویت لێی، بەڵام پێدەچێت ئەو مافە سەرەتاییەمان هەبێت بەر لە هەرشت وەک جۆرە خوێنەرێکی «ڕەهەند» هەندێک جێکەوت و ئینتیباعی زەینیی خۆمان بخەینە ڕوو.

ناوی «ڕەهەند» جۆرە گەرمی و دڵگەرمییەکی ڕۆشنبیریی بە مرۆڤ دەبەخشێت. بەڵام ئێستا دۆخێکی هێند پەرت و ساردە، کە ئەو گەرمییە بە ڕێگایەکی کەمێک دووردا دەگاتەوە پێمان کە زمانە. زمان وێڕای نزیکییەکەی، کەچی دوورییەکی تایبەت بە خۆیشی دروست دەکات. زۆر جار من لە "گەرمیی زمان" دەترسم. مەبەستم لە گەرمیی زمان ئەو ساتەیە کە دەست دەکەیت بە قسەکردن و لەگەڵ بەکارهێنانی زماندا ئەو فەزایە دەگۆڕێت کە کەمێک لەوەوبەر هەبوو. بۆ نموونە دەتەوێت واقیع و فەزا خۆی بدوێت، ساردی و نایەکانگیرییەکەی بگات، بەڵام کاتێک ملکەچی زمان دەبیت و دەتەوێت تەعبیری لێ بکەیت ئیتر فەزاکە کەمێک دەشێوێت. ئەمە بۆ پرسی ڕۆشنبیرییش لای خۆمان درووستە. بۆ نموونە کاتێک باسی ڕۆشنبیری ناکەیت، شتێکی لەو جۆرە ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە، باسی هەمووشت هەیە ڕۆشنبیری نەبێت، ناوێکی سارد و پەراوێزی و غایبە. بەڵام کاتێک

دێیتەگۆ و وشەی پانتاییی ڕۆشنبیری بەکار دێنیت، ئیتر جۆرە وجودێکی سەیر دەگرێتە خۆی. وجودێک کە کەمێک لەوەوبەر هەستت دەکرد نییە، کۆمەڵێک ورتکەوێنەیە، خەیاڵێکە و هیچی تر. لە ساتی قسەکردندا، ئەم گەرمییەی زمان، فریودەرە. شتانێک دەنێت بەیەکترەوە کە لە دەرەوەی قسەکردنەکە خۆیەوە هێند یەکانگیر و بەهێزیش نین. بەڵام چاریشمان نییە ئەوە نەبێت لە ڕێی زمانەوە تەعبیر لە نەبوون و غیابی ئەو شتانەش بکەین کە نین یان هێجگار تەنک و لاوازن. ڕەنگە ئەم هەستە، نەک بۆ باسوخواسی ڕۆشنبیری، بەڵکوو لای زۆر کەس و بۆ زۆر بۆنەی تری ژیانیش لەئارادا بێت. بەهەرحاڵ، پێم وایە بمانەوێت و نەمانەوێت وشەیەکی وەک «ڕەهەندییەکان» گەر لە زۆر جێدا تەمومژ بێت و مانای «نەبێت!»، ئەوا لە جێیەکدا هەر مانای هەیە. ئەو مانایەش ئاماژەیە بۆ جۆرێک لە زەقێتی و کاریگەریی لە فۆرمدا، نەک گەیشتنی وردودرشتی ناوەڕۆکی گۆڤارێک و پرۆژەیەک. «ڕەهەند» یەکسان نییە بە تاکەتاکەی بەشداربووان و هەڵگرانی ئەم ناوە، بەڵکوو کەمێک لەوە زیاتر یان بگرە کەمتریشە. ناوێکە، بەبێ ئەوەی وردەکارییە حەرفییەکانی ناوەڕۆکەکەی تێبگەین، هەیە و لە "ئارەزووی ڕۆشنبیری"یمان ئاڵاوە.

خاڵێکی بابەتی کە لە گفتوگۆکەی ئەم فایلەوە لای "بەختیار عەلی" وروووژێنرا، کلیلێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی پانتاییی ڕۆشنبیریی لای ئێمە کەوتووەتە کوێوە؟ ئەو دەنووسێت هەر لە قۆناغی «دامەزراندن»داین. لە پێش ڕەهەنددا، گەر بەشێک لە کارەکانی "کۆڕی زانیاری" وەربگرین ئەوا ئەویش هەر جۆرە هەوڵێکی دامەرزاندن بوو، تەنانەت هەوڵی زۆرێک لە ڕۆژنامەوانانی سەدەی بیستی کورد و شاعیرانی نیوەڕۆشنگەر و سیاسییە ڕووناکبیرەکانیش هەر کۆمەڵێک هەوڵی پەرتەوازەن و نائاگایانەشن بۆ پێکەوەنانی کایەی ڕۆشنبیری. ڕەنگە ڕۆژنامەی کوردی هەر لە سەرەتاکانی خۆیەوە لای ئێمە ژێستێکی ڕۆشنبیری بووبێت. کەرەستەی دەستی هەر قۆناغێک، کەرەستەیەکی جیاواز بووە. هەمووی پێکڕا جۆرە هەوڵێکی خەسڵەتپێدان بووە بە «مێژوویەک کە نییە». لە حەفتاکان

بەدواوە، ئەو گرینگیدانە بە زمان و ڕێزمان و ڕێنووس و وشەناسی و هتد، لە ڕواڵەتدا جۆرێک لە خەم و خۆخەریککردن بووە بە دیوە تەکنیکی و ئاگاییەکەی کورد و زمانی کوردییەوە، بەڵام لەکۆدا و بەپێی دۆخی کورد، ڕۆڵێکی لەوە جیاوازتری گێڕاوە. دواتر لای «ڕەهەند» و هەوڵی تری ئەو قۆناغەوە، ئەم ئاگاییە بەرەو جۆرێک لە خودئاگایی و خۆناسین دێت لە ڕێگەی فیکریی مۆدێرنی خۆراواییەوە. لە قەڵەمبەدەستانی سەردەمی کۆڕی زانیاریی کورددا، جۆرێک لە باوەشکردن و هاوکات شیکردنەوەی زمانی کوردی هەبووە، جۆرێک لە خۆپاراستن و ڕزگارکردن و ئیشکردن لەسەر زمانەکە، بەڵام دواتر ڕەهەندێکی فیکری بۆ سەر ئەم دیوە تەکنیکی و زانستییە زیاد دەکرێت و زمانی کوردی خۆی دەخرێتە خزمەتی شتێکی تری جیا لە خۆیەوە. هەر لەم قۆناغەی نووسین و بڵاوکردنەوەدا، زمانی کوردی دیوی تری خۆی دەناسێت کە تەعبیر و بەرکەوتنێتی بە **ئەوی تر**. ئەو شەپۆلە وردکردنەوە و توێژینەوەیەی لەپاش بەیانی ئازاری حەفتاوە بڵاو دەکرێتەوە، هەڵگری خاڵێکە کە سەرووترە لە تەکنیکێکی زانستی: جۆرێک لە تاسە و بێزووە بۆ زیندووڕاگرتنی زمانێک کە پێشتر نکۆڵی لێ دەکرا. هەتا هەر خۆماندووکردنێک بەوەی فلان دەنگ کوردییە یان عەرەبی، لە ناواخندا بەرهەڵستییەکی سیاسی و وجودی بوو لە ڕووبەرێکدا کە ڕاستەوخۆ چەک و تەقوتۆقی تیا نەبوو. خەڵکانێک سەریان کردبووە نێو زمانی کوردیدا و لەوێوە جۆرە خەباتێکی نەستەکیی تریان ئەنجام دەدا. واتە زمان ئەو ڕووبەرە بوو کە تەرکیزێکی شاقووڵی خرابووەسەر، کنەیەکی وردی تیا دەکرا، وەک بڵێی هەرچی لیبیدۆی سیاسییە لایداوەتەوە بەرەو ناو زمان و گەرەکە خەباتەکە لەوێدا بکرێت. کەمێک تیۆرییتر بیڵێین، دەبوو جەستەی کوردی لە ڕێی دیاردەیەکی زەینیی کوردییەوە ڕزگار بکرێت کە زمانە. گەر لە واقیعدا کورد ڕاکەڕاکی بوو بۆ بەدەستهێنانی حوکمی زاتی و تیمارکردنی پەرتەوازەییەکانی، ئەوا دەبوو لەنێو زماندا بوونێکی یەکانگیر بۆ کورد دروست بکرێت و نکۆڵییەکی شاراوە لە دۆخە سیاسییەکەی بکرێت. لە ئاستی ئەپستمۆلۆژیی ئەو سەردەمانەشدا، ئەو زەینە لەئارادا

بوو کە کورد دەبێت لەڕێی خۆیەوە خۆی بناسێت نەک **ئەوی تر**. گەر ئاماژە بە سەرچاوەیەک یان ناوێکی فیکریی غەیرەکوردییش بکرایە، پتر زانیاری بووە نەک دەرگیربوون. دەبوو هەرچی زووە بوونێکی مەیلەو یەکانگیر و یەکگرتوو بۆ کورد لەنێو زمانەکەیدا دروست بکرێت، تا بکرێت سەرەتا خۆی ڕۆڵی **ئەوی تر** بگێڕێت بۆ ئەوانی تر. زانینێکی بێنێوانگر بووە، کە لە ڕواڵەتدا کۆنکرێتی دەردەکەوێت بەڵام کارکردەکەی ئەبستراکتە، واتە دەرخستنەوەی ئەوە بووە کە هەبووە. هەر لەو میانەیەدا شەوق بۆ لێکدانەوە و گەڕانەوە سەر شاعیرانی کلاسیکی کوردیش، پتر پشتبەستوو بوو بەو خاڵە دەروونشیکارانەیەی کە کورد تا کوێ توانیویەتی ئارەزووی **بوون** بکات لە ڕێی زمانەکەیەوە؟ گەر نکۆڵی لە بوونی کورد دەکرێت، بەس «سەیرکەن کورد چی لەسەر بوون دەڵێت بەگشتی!». بە مانایەکی تر: ئاخۆ کورد چی وتووە و کەشف نەکراوە، لە قورگ و زەینی شاعیراندا چ توحفەیەک هەیە و دەرنەخراوە، زمانی کوردی لە کلاسیکدا چەند بە پارێزەوە لەپاڵ عەرەبی و فارسیدا خۆی گرتووە و نەشتواوەتەوە. بە دیوێکی تردا ساغکردنەوەی دیوانی شاعیرانیش، وێڕای بارە تەکنیکییە-ڕۆشنبیرییەکەی، ڕزگارکردنی بەشێک لە بوون و ئەرشیفی کوردە، نەجاتدانی کۆمەڵێک گوتە و شایەتییە کە لە پاژێکی تاریخدا کورد گوتوونی. هەتا ئەلفوبێی کوردیی بۆ منداڵی کورد لە لایەن "ئیبراهیم ئەمین باڵدار"ەوە، مانیفێستێکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی کۆی ئەو هەوڵانەیە کە زمانی کوردی بڕژێنێتە سەر زاری مرۆی کورد(باڵدار خۆی ئامادەییەکی لە گۆڤارەکانی کۆڕی زانیاریی کورددا هەیە). ڕەنگە شێوازی ئیشکردنی باڵدار کەمێک جیا بووبێت، بەڵام سەرەنجام مانیفێستێکی نەستەکی تری ئەو هەوڵانەیە کە دەیانەوێت بیسەلمێنن کوردیش بوونەوەرێکی ڕەمزی و زمانی هەیە و دێو نییە و قسەش دەکات. زمان ئەو چرکەساتەیە کە مرۆڤ دۆخی قسەنەکردن و پێشڕەمزیبوون و لاڵێتی جێ دەهێڵێت. هەتا بە درێژاییی سەدەی بیست و هەموو هەوڵەکانی دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، پتر ڕۆڵێکی فۆرماڵ و فۆرمەکی هەبووە تا ناوەڕۆک: واتە چاپەمەنییەکان فۆرمی

بەرەنگاری بوون، بەرەنگاریی ڕووت، نەک ئەوەی سەرنجی تەواو لەسەر ناوەڕۆکی نووسراوەکان و گوتەکان و بڵاوکراوەکان بێت. تا ئەمڕۆش ئەم فۆرمالیزمە لای ئێمە درێژەی هەیە و کایەی ڕۆشنبیری باجەکەی دەدات، بەڵام لە پێناوی بەرەنگاریی نەتەوەیی و ئەوانەدا نا، بەڵکوو هەرچی دەکرێت و دەنووسرێت ڕۆڵێکی فۆرماڵ وەردەگرێتەوە- پتر وەک ناو دەمێنێتەوە نەک ناوەڕۆک.

گومانی تیا نییە هەموو ئەو هەوڵانە هەوڵی بەپێز بوون، زمانی کوردی ڕەنگە تا دیاردەیەکی سەر بە کورد بێت کە بەبێ گوێدانە دۆخی سیاسیی کورد، گەشە و ڕێسا و نوێبوونەوەی ناوەکیی خۆی دەبڕێت و زۆر باکی بە دۆخی بابەتی نییە. زۆر پرۆژە و گۆڤار لە پێشوودا و لە پاشیشدا، بەشێکن لە جووڵەی زمانی کوردی بەبێ ئەوەی چاوەڕێی واقیعێکی سیاسی بن. بەم پێیە، گەر ڕۆشنبیرانی پێش «ڕەهەند»، ویستبێتیان یەکانگیرییەک لە ڕێی زمانی کوردییەوە بۆ کورد دروست بکەن و وێنەیەکی کەمتازۆر فەنتازی دروست بکەن ئەوا «ڕەهەند» هەوڵی جۆرێک لە هەڵوەشاندنەوەشە، ڕەخنەی پایە کۆنکرێتی و ڕەقەکانی ئەم وێنەیە، گومان خستنە سەر پیرۆزیی نیشتمان و حیزبی کوردی و هەروابێتەوە مانای دەق و خوێندنەوەش کە پتر لە بازنەی تەفسیردا بوو نەک تەفسیری تەفسیر(هێرمیونۆتیک). ئەمڕۆ یەک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە ئاخۆ ئێمە «مێژوو»یەکی بونیادی و چوارچێوەدار و هێند تۆکمەمان هەیە هەوڵی هەڵوەشاندنەوە و بنکۆڵکردنی بدەین؟ گەر نیمانە ئەوا دەبێت ڕەخنە  بگرینە کوێ؟ گەر هەشمانە و تووشی چەقین و نەجووڵان هاتووە، بۆچی هەر بەردەوام ژیانێکی سنووردار بەرهەم دێتەوە؟ ڕەنگە ئەمڕۆ ئیتر پاراستنی زمانی کوردی بەو واتایەی سەدەی پێشوو بەس نەبێت، کوتان و لێکشیتاڵکردنی ئەو برە ڕەگەزەش کە هەن و دیارە چەقیون، هەر بەس نەبێت. بۆیە هەمیسان پرسیارێکی تر دێتەوە بەردەم ڕۆشنبیریی ئێمە: ماهیەتە مێژووییەکەی کورد چییە کە لەوێدا هەمووومان چڕ دەبینەوە و دەپەستێنریین و لە

هەمووشماندا وەک بووەوەرێک هاوبەشە؟ ئەو شتە چییە کە کورد دەکات بە کورد؟ ئەم پرسیارانەش پتر بۆ ئەوەیە لە زۆر بوارەوە کورد شیتەڵ بکرێت و ئەو توخمانە بدۆزرێتەوە کە ئێمە لەوانی تر جیا دەکاتەوە. ڕەنگە کورد یەک شوناسی یەکپارچەی نەبێت و لەناوەوە لە چین و وردەمێژووی تریش پێک بێت، ئەوەی کە مارکسیزم و هەندێ قوتابخانەی تر ڕەخنەی دەکەن، بەڵام پێم وایە ژێستێکیش هەیە لە کوردبووندا کە چەندە مێژوویی بێت، هەر خۆی نامێژوویی دەنوێنێت و تێکەڵ نابێت لەگەڵ ئەوانی تردا. بەسادەیی با دیقەتی حاڵەتێک بدەین: دەوترێت مۆدێرنە دەریخست فەڕەنسییەکان ڕووەو دەرەوە بوون و دەیانویست دونیا درک بکەن، ئەڵمانییەکان ڕووەو ناوەوەی عالەمی ئینسان شۆڕبوونەوە و دەیانویست ناخ تێبگەن. بەڵام سەیری کورد دەکەیت جۆرێک لە بێباکی هەیە بۆ دونیا، جۆرێک لە تێپەڕین بەسەر ناوەوە و دەرەوەشدا، کورد ئەو کاتەی ڕوو لە دونیای دەرەوەیە هەر تا سنوورێک تاقەتی وردبوونەوەی هەیە، ئەو کاتەشی بەسەر ناخدا کڕ دەکەوێت و بگرە شیوەن دەکات، هێشتاش تەواو شیوەنگێڕ و ناخەکی نییە، هێشتاش جۆرێک لە خۆنەدانەست دەمێنێتەوە. کورد وەک کۆیەک، وادەردەکەوێت نە نەخۆشە و نە تەندرووستیش. نەخۆشی ساتێکە مرۆڤ دەوەستێت و شتێک لە مرۆڤبوونی خۆی هەڵدەکۆڵێت، تەندرووستیش ئەوەیە کە ئەگەرەکانی چێژ و لەزەتی دونیا دەپشکنێت و خۆی لەبەرامبەر هەندێک ئیمکانی چێژدا هێند ڕەق ڕاناگرێت. ڕەنگە زۆر جار لەبەر خۆمانەوە بڵێین کورد خەمگینە، ئەمە تێرمان نەکات و بشڵێین کورد هەر خەریکی جووڵە و هەڵپەڕینە، بەڵام ئەمەش لە جێیەکدا زەینمان تێر ناکات و دەپرسین ئەی گەر شادە بۆچی وەک مرۆیەکی تەواو دونیایی ناژی؟ ئاخۆ ئێمە میتۆدێکمان نییە یان ونکردووە بۆ تێگەیشتن لە خۆمان لە پانتاییی ڕۆشنبیریدا یان چی؟

جا بەسادەیی مەبەستمان لە «ڕەهەند»، کۆمەڵێک قەڵەمی پاش ڕاپەڕینە لەژێر ناوێکدا، پاشتر قسەکردن لەسەر سەروو سەد کتێب و گۆڤار و نامیلکە کە وێڕای هەموو جیاوازی

و داوەرییە تایبەتەکان، بە ڕێیەکدا دەچنەوە سەر ئەم ناوە. بە قسەی دامەزرێنەرانی گۆڤارەکە، «ڕەهەند» سەنتێزی دوو هەوڵی تری وەک گۆڤاری "یەکگرتن" و "ئازادی"یە. من تەنیا نوسخەیەکی "ئازادی"م دیوە و هیچی تر. چەند بەشێکی زۆری ژمارەکانی «ڕەهەند»یش. بەڵام بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەم لە تەمەنی جیاجیادا خوێندووەتەوە کە کۆی ئەو نووسەرانە نووسیویانە. واتە جۆرێک لە وێنەم لەسەر کارەکانیان هەیە. بەرمەبنای ئەم وێنەیەشە دەتوانین هەندێک هەڵێنجانی سەرەتایی بخەینە ڕوو.

«ڕەهەند» لە بۆشاییەکدا تەوقیتی گونجاو دەدۆزێتەوە و قسەی خۆی دەکات، بۆیە وەک بیرەوەرییەکی ڕۆشنبیری دەمێنێتەوە بۆمان. واتە وەک **ناو** هەیە، بەڵام وەک **ناوەڕۆک** زۆر گفتوگۆی دەوێت بزانین چییە و چیی وتووە و وانەکانی بۆ ئەمڕۆمان چییە. نەک هەر ڕەهەند، بەڵکوو وادەردەکەوێت پانتاییی ڕۆشنبیریی کوردی لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هەوڵە سەرەتاییە پەرتەوازەکانەوە، تەنیا وەک **ناو** گەیشتوون نەک **ناوەڕۆک**. هۆی ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو سەنتەرە غایبەیە کە باسمان کرد(خۆراوا)، چەند هۆکارێکی لاوەکیش کە پەیوەندیی بە بەرکەوتنی ئێمە و مۆدێرنەوە هەیە کە پانتاییەکی ڕۆشنبیریی تەواو سرووشتی نەخوڵقاندووە. زۆرێک لە مەرج و پێناسە و میکانیزمەکانی پانتاییی ڕۆشنبیریی لای ئێمە لە سەرەتادان و زۆرێک لە ئەرکەکانی ناڕوونن و پێناسەکانیشی خەفەکراون. هۆکارەکان هەرچی بن، ئەوا ئەنجامەکان هەن و لەمسیان دەکەین. بۆ نموونە، ئەوەی لە ڕابردووی ڕۆشنبیری دەمێنێتەوە لای ئێمە پتر دەنگێکە، ناوێکە، وێنەیەکی کپە، بۆیە ناوەڕۆک و گوتراوەکان و نووسراوەکانیش دەبنە قوربانی. ئاخۆ چەمکی نوخبە، خوێنەر، ڕەخنەگر، دەق، دەقئاوێزان، داوەریی بابەتی، گەڕانەوە و هەڵدانەوەی میرات کە کۆمەڵێک توخمی سەر بە پانتاییی ڕۆشنبیریین، چەندە گەشەی سرووشتییان لای ئێمە بڕیوە؟ ڕەنگە هەر ئەو گومانە بێت وابکات، بڵێین «ڕەهەند» پتر وەک ناوێک گەیشتووە نەک ناوەڕۆکێک، وەک چرکەیەکی تۆمارکراوی مێژوو دەگاتە

لامان نەک کاریگەرییەکی هەڵسەنگێنراو و جێگرتوو لە هەموو پانتاییەکانی تری ژیانماندا. زۆر جار وا هەست دەکەم چەمکی کاریگەری(influence)، بەو واتا مۆدێرنە خۆراواییە لێرە لەدایک نەبووە. مەبەستم لە **کاریگەری**، ئەو وەڵامە مێژووییەیە کە دیاردەکان وەریدەگرنەوە و چەشنی ئارەزوویەکی تاریخی تێر دەبن. واتە، کار و کاردانەوەکان لەناو چوارچێوەیەکدا دەگەنە ئەنجام و ئەوەی دەکرێت و دەوترێت و دەنووسرێت، بە زایە ناچێت. کاریگەری، وزەیەک نییە زوو بەتاڵ بێتەوە، بەڵکوو شوێنەوارێکی مێژوویی و بابەتییشە کە دەتوانێت لە چەندین ڕێگاوە بێتەوە بەردەممان. کاتێک چەمکێکی لەم جۆرە بەتەواوی حازر نەبێت، ئەوا ئاساییە چاوەڕێی ئەوە بین پرۆژەکان و چرکەساتە تاریخییەکان وەک ناوێک بگەنە ئێمە نەک ناوەڕۆکێک. گەر سەبارەت بە «ڕەهەند» نموونەیەک بێنمەوە، باسکردنی ئەوەی کە کاریگەرییان لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان هەبووە، خۆی دەریدەخات هێشتا چەمکی **کاریگەری** لە سیاسەتەکەشدا تەواو لەدایک نەبووە. چونکە هەر جووڵە و دیاردەیەکی سیاسییش زوو لەبار دەچێت و گەشەی سرووشتیی خۆی نابڕێت. بۆیە ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین ئەو کاریگەرییەی لە سیاسەت و هەموو پانتاییەکانی تریشدا هەیە، پتر کارتێکردنێکی مەیلەو فیزیاییە و خاڵییە لە ڕەهەندە مێژووییە مۆدێرنەکانی و هەمیشە بەر لە دروستبوون، دەپوکێتەوە. بۆ نموونە هەرئەوەی کە پەیوەندیی سیاسەت و «فیکر» لای ئێمە غایبە، بە پلەی یەک دەریدەخات سیاسەت پێویستی بە «فیکر» نییە. سیاسەتێک هێشتا شەڕ بێت لەسەر پێویستییە سەرەتاییەکان، ئەوا دیارە پێویستی بە «فیکر» نییە. خەڵکێکیش کە دەرگیری سیاسەتێکی وان دیسان پێویستیان بە «فیکر» نییە. «فیکر» کاریگەرییەکی هێواش و ڕاوێژکارانەی لە پشتخانی مێژوودا هەیە. بەڵام لای ئێمە شەڕێکە لەسەر هێزی ڕووت و کاریگەریی ڕووت. بۆیە خاڵی یەکتربڕینی «فیکر» و سیاسەت و حیزبایەتی لە جێیەکدا، تەنیا بۆ هەڵمژینی ئەو بڕە کاریگەرییە ڕووتەیە و هیچی تر. لەبری «فیکر»، قسە و قیژە و نمایشێک هەیە کە تەنیا بۆ دەرخستنی کاریگەریی فیزیایی و ڕووتن. لەبری «فیکر»، حیزبەکان لە

کوردستان و عێراقیش، کادری خۆیان دەنێرنە بەر خوێندنێک تاکو لە ڕێیەکی ترەوە و بەبێ سەرێشەتر، کاریگەریی ڕووت و هێزی ڕووت بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. «فیکر» شتێکە دەبێت تێکەڵی پەروەردەی کۆمەڵایەتی بووبێت و مرۆڤەکان پێشوەخت باوەڕیان پێهێنابێت. واتیدەگەم ئەم پرسە ڕیشەیەکی تیۆلۆژی و دینییشی هەبێت لە واقیعی کولتوورەکانی ئێمەدا. تا چەمکێکی دەرەکاتی وەک "قیامەت" لە کۆنەستی خەڵکدا ئیش بکات، ئەوا چەمکی «کاریگەری» و ژیانکردنی دونیاییش دروست نابێت. «کاریگەری»، چەمکێکە لەخۆیدا هەر جۆرە دونیایەکی دووقات و جووت-نەهۆم و ئێرە و ئەوێ تێک دەشکێنێت. ناکرێت دونیایەکی ترت هەبێت و هەموو وجودیشت بۆ ئێرە تەرخان بکەیت. چەمکی «کاریگەری»، پێویستی بە جۆرە نیشتەجێبوونێکی تایبەتە لەم دونیا. جا بیری خۆمانی دەخەینەوە کە خۆراوا وەک **سەنتەرێکی غایب**، ناهێڵێت بەتەواوی بزانین چی لەسەر خۆمان دەڵێین. ئەمە لەلایەک، لەلاکەی تریشەوە، پێویستمان بە جۆرە خۆڕەخنەکردن و پیاچوونەوەیەکە کە ستراتیژمان بەم **سەنتەرە غایب**ەوە ڕێکخەین: ئەرکێک کە کات و مشتومڕ و تەرحی بێشوماری دەوێت.

گۆڤاری «ڕەهەند»، و زۆر کاروچالاکیی تریش لە ڕابردووی ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەشێکن لە پرۆژەی مۆدێرنیزە، مۆدێرنیزەیەکی ڕۆشنبیری و کولتووری. کاریگەرییەکەی چ بووە یان لێڵ بوو یاخود لە عەدەمێکی کۆمەڵایەتیدا ژیاوە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە بەپێی پێوەرەکانی ڕۆشنبیری هەڵگری سیمای مۆدێرنەن. بە مانایەکی تر، «ڕەهەند» گەر لەسەر فیکری پۆستمۆدێرنەش هەڵوەستەی کردبێت، ئەوا هەر دەبێتەوە بە بەشێک لە پرۆژەی مۆدێرنیزە. واتە بۆشاییەک هەبووە، هەر ئایدیا و پرۆژەیەکی خۆراوایی تێ بخرایە، ئۆتۆماتیکی لێرە ڕۆڵی پرۆژەیەکی بەمۆدێرنکردنی وەردەگرت. مەبەستم ئەوە نییە هەروا بەئاسانی گۆڤارێک ژیانی ئێمەی لەبنڕا مۆدێرن کردبێت، بەڵکوو باسی ئەو بۆشاییە ڕۆشنبیرییە دەکەین کە وەک بۆشاییەک بۆ بەرکەوتن بە مۆدێرنە هێڵراوەتەوە. ئەو

بۆشاییەی کە شوێنی هەڤدژی و بەرکەوتن و نوێبوونەوە و تەنانەت ناکامییەکانیشە بە مۆدێرنە. پێم وایە لەپێش «ڕەهەند»ـەوە و لەپاش «ڕەهەند»یشەوە ئەم پرۆسە درێژخایەنەی بەمۆدێرنکردن هەر بەردەوامە. تۆ ئەگەر باسی هابەرماس و دێریداش بکەیت، ڕۆڵەکەی جیایە لەو ڕۆڵەی وا لە خۆراوا گێڕاویەتی. لێرە ئەم دوو دژە، هەردووک دەبنەوە بە بەشێک لە مۆدێرنیزەکردنی ڕۆشنبیری. ئەم خاڵە، خاڵی گرێدانی هەموو نەوە ڕۆشنبیرییەکان و پرۆژە جۆراوجۆرە کولتوورییەکانی تریشە. واتێدەگەم مۆدێرنە ئەو پرسیارەیە کە بۆ چەندین دەیە دەتوانێت پانتاییەکی ڕۆشنبیری بەخۆیەوە سەرقاڵ بکات. تا قۆناغێک و ڕەنگە هەتاهەتایەش هەر پێویستمان بە فیکریی مۆدێرن و باسوخواسی مۆدێرنە بێت(ئە ڕووداوە هەردەم لە ڕوودانەوەدایە و ماهیەتە گەردوونییەکەی لە کرژی و فراوانبوونەوەیەکی بەردەوامدایە). چەمکی سوبێکت چەمکێکی ناو فەلسەفەی مۆدێرنە و بۆ مرۆی مۆدێرن و خوێندنەوەی مرۆڤ لە ساتە مۆدێرنەکەیدا بەکار دێت. من هەر لە سەرەتاوە چەند ساڵێکە پێم وایە دەبێت لە چەند لاوە برۆینە گیانی باسی مۆدێرنە. هەتا ئەفلاتوون و پێشمۆدێرنەکان و دیکارت و هیگڵ و ژیژەک و فرۆید و کێ و کێ، جگە لە هەندێ ڕووکاری مۆدێرن بۆ من هیچی تر نین. بۆ نموونە، ژیژەک چەپە و ئایدۆلۆژییە و ئەم قسانە لای من کورتکردنەوەن، ژیژەک نەیشاردووەتەوە کە فەیلەسوفێکی مۆدێرنە. هەتا ماوەیەک گەڕامەوە سەر ئەوەی کە کێ دەرگیربووە لەگەڵ کێشەی سوبێکت و زاتدا لە ڕابردووی مەدا. یەکێک لە گرنگییەکانی «ڕەهەند» بۆ من لێرەوەیە. بەر لەوەی بچمە سەر تەوەری دواتر، جێی خۆیەتی لەسەر ناوی «ڕەهەند» بوەستمەوە و بڵێم ئەم ناوە خۆی گشتێکە کە لە بەشی جیاجیا پێکهاتووە. لە جێیەکدا دەتوانیت وەک کۆ بەکاری بهێنیت و لە جێیەکی تریشدا هەر نووسەرێکی ئەو چەند دەیەیە بە جیا بخوێنیتەوە و داوەریی عەقڵانی لەسەر بدەیت. پێم وایە ئەوە هەر ئیشی «مێژوو»شە کە پرۆژەیەک بە هەردوو قەوارەی گشت و بەش دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە، کامۆ یان سارتەر یاخود هایدیگەر کۆک نەبوون لەگەڵ ئەوەی بە «بوونگەرا» ناو ببرێن،

بەڵام دیوە عامییانەکەی «مێژوو» سەرەتا ناوەکان یەکدەخات و تۆماری دەکات و زەحمەتە کەس بتوانێت لێی دەربچێت. ئەوە هەنگاوی دووەم و دواترە کە دەکرێت کەسەکان جیا بکرێنەوە و بە جیا وردبکرێنەوە. هەموو دەزانین فیکری کامۆ و سارتەر و هایدیگەر لە وردەکارییدا تەواو جیان، بەڵام سەرەتا و لای خوێنەرێکی ئاسایی، هەر وەک بوونگەرایەک وەردەگیرێن. زۆر جار تایبەتمەندیی نووسەران لەو شوێنە ورد و بچوکانەدایە کە مێژووی گشتی نایبینێت، بەڵام خاڵە هاوبەش و گشتییەکانیش جەبرێکن مەحاڵە لێی دەربچین- چونکە بڕیارە هەموومان لەناو زەمەنێکی مێژووییدا بژین. ناونان پرۆسەیەکە بەشێکی لە دەستی ئێمەدایە، بەڵام دواتر دەکەوێتە دەست «مێژوو» و دواتر بە ڕێژەیەک دەکەوێتەوە ژێر ڕکێفی ئێمە- بەڵام بەتەواوەتی نا. ڕەنگە یەک لە ئەرگۆمێنتەکان ئەوە بێت، بۆ نموونە، بەختیار عەلی یان هەر نوسەرێکی تری ڕەهەند، شتێک بۆ جێیەکی تر بنووسێت و بەشدار بێت، بەشدارییەکە جەوهەری نییە، واتە بەختیارعەلی لەو قۆناغە مێژووییە جیا ناکاتەوە کە تێیدا بووەتە بەختیار عەلی. ئەو هەر بەو قۆناغەدا دەناسرێتەوە کە ماهیەتە مرۆیی و مێژووییەکەی کردەکی بووەتەوە. دیارە مەبەستم ئەوە نییە ماهیەتەکەی شتێکی نەگۆڕ بێت، بەڵکوو مەبەستم لە جێیەکدا لکاوە بە ناوێک و قۆناغێکەوە کە بەتەواوی یەکسان نییە بە قۆناغێکی تر. ئەو لە پنتێکی زەمەنیدا ئەکچواڵ بووەتەوە کە هەمیشە بۆ ئەو پنتە دەگەڕێینەوە. وەکچۆن کولتوور ناو لە مناڵەکان دەنێت بەر لەوەی بەئاگا بێنەوە کێن، لە گەورەییشدا کولتوور و مێژوو دەستمان لێ هەڵناگرن لەوەی بەبێ ویستی خۆمان ناومان لێ بنێن.

### «ڕەهەند» و خاڵەکانی داکوتانی

هەر دیاردە و گۆڤار و پرۆژەیەک، کۆمەڵێک سنوور و سیمای خۆی هەیە. دەتوانین ئەم سنوور و سیمایانە ناو بنێین خاڵی داکوتان، واتە کۆمەڵێک تەقەڵی ڕەمزی و ڕووبەری

مانا و سیفەتی جیاکەرەوەن کە وەک بونیاد(ستراکتۆر)ێکی لێ دێت(گۆڕانکارییەکان و فراوانبوونەوەکان و هەمەڕەنگییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ڕێسای شاراوە دووبارە دەبنەوە کە زۆر جار بە بونیاد ناو دەبرێت). باسەکەمان بونیاد و بونیادگەری نییە، بەڵکو دیاریکردنی کۆمەڵێک خەسڵەتە کە دەشێت لەپشت هەمەڕەنگییەک و فرەییەک و کۆمەڵێک نووسین و گوتەوە بدۆزرێتەوە و بەشێک لە دیاردەیەکمان پێ بناسێنێت. خاڵەکانی داکوتانی «ڕەهەند»، ئەو خاڵانەن کە وادەکەن «ڕەهەند» هەر «ڕەهەند» بێت و شتێکی «تر» نەبێت.

**یەکەم**؛ بەر لەهەر شت پێم وایە بوونی هەوڵێکی وەک «ڕەهەند»، خۆی تێستێکی تاریخی بوو تا کۆمەڵێک کێشە و گرفتمان بە خۆراواوە تێبگەین. واتە «ڕەهەند» جۆرە قوربانیدانێکیش بوو لە کارکردندا، تاکوو بزانین چەندە دەتوانین لە خۆمان ڕامێنین و دەکەوینە کوێی بیری **ئەوی تر**ەوە و خۆراواش چەندە دەستمان دەگرێت لە خۆمان تێبگەین. بۆیە ڕەتکردنەوەی خێرای «ڕەهەند» گوایە سەر بە ئێرە نین، هەڵەیەکی تیۆرییە، چونکە گەر «ڕەهەند» خۆی نەبووایە ئەوا دەبوو بە ئەزموونێکی تردا بمانزانیایە کێشەکانمان چین. بە زمانێکی ئاسانتر، تا کار نەکرێت، نازانین کێین و ئاریشەمان چییە. گەر کەسانێک بەهەڵەدا نەچن، ئێمە نازانین فڵان شت هەڵەیە. بۆیە لێرەدا و بەر لەوەی بچینە سەر هەندێک وردکردنەوە، ئەوا ڕەهەند وەک کۆیەک و وەک فۆرمێک ڕۆڵێکی ڕوونکەرەوەی هەبووە بۆمان. دیارە لەپاڵ «ڕەهەند»دا چالاکی تر هەبووە، ڕەنگە لە هەندێ جێگەشدا کاری ورد و گرنگ کرابێت، بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆی تایبەت بە مێژوو خۆی، ئاراستەی تری وەرگرتبێت. پێم وایە لە کولتووری ئێمەدا، کۆمەڵێک جەبر هەن تاکو تاقی نەکرێنەوە بڕوای پێ ناهێنین. نموونەیەکی سیاسی کە زۆر جار دەهێنرێتەوە، بزووتنەوەی گۆڕان بوو. گوایە وزەی خەڵکی بەفیڕۆداوە و نائومێدییەکانی لەبار بردووە. بەڵام گەر بە چاوێکی گشتبینانەوە سەیری خۆمان بکەین، ئەوا دەبوو تێستێکی ماتریاڵیی

دۆخەکە بکرێت بۆ ئەوەی بزانین ئومێدەکە خۆی گەورە نەبووە. «مێژووەکە» خۆی بەماهیەت شکستێکی هەڵگرتووە کە بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە تێیداین هەردەم ئیمکانی دووبارەبوونەوەی تیایە. واتە هەر خۆمان بەشێکین لەو سیناریۆ تاریخییەی کە پێمان وایە تێیدا فریودراوین. تا بوونەوەرێکی سیاسی و ڕۆشنبیری بەناو تاقیکردنەوەیەکدا نەڕوات، نازانین دەرەنجامەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە چییە(مرۆڤ ئەودەم بواری ڕەخنەی بۆ دەکرێتەوە کە بپرسێت بۆچی هەمووکات لە یەک جێوە تووشی هەمان هەڵە دەبین). بەپێی ئەم لۆژیکە، «ڕەهەند» تێستێک بووە بۆ هەمووومان تا ئەو دیوانەی ڕاکێشین کە بەرهەمێکی پۆزەتیڤتری هەیە بۆمان. ڕەنگە ئەمە ئەمڕۆ بۆ زۆرکەس گرنگ نەبێت، هەر بیریش نەمابێت، بەڵام یەک لە پرسە زیمنییەکانی مێژووی ڕۆشنبیرییە. «ڕەهەند» یان هەر پرۆژەیەکی «X»ی تریش بووایە، بەشێک لەو تێستە تاریخییە پێک دەهێنێت کە پێم وایە بە چەندین جۆری تریش پێوستمان بە دووبارەکردنەوەیەتی تا پەیوەندیی خۆمان بە خۆمان و پاشان خۆراواشەوە بناسین. بەر لەوەی لە بەش(جزء) و وردەکارییدا بزانین فلان ژمارەی «ڕەهەند» بەدەقیقی چیی وتووە و لەکوێدا پیکاویەتی و کام جۆرە میتۆد و ئەرگومێنتی گرتووەتەبەر، ئەوا لە گشت(کل)دا ئەزموونێک خۆی بە ڕووماندا دەکێشێت کە باش و خراپی، بەشێکە لە چارەنووسی پانتاییە ڕۆشنبیرییەکە هەمووی. ئەم تێستە، شتێکە دەکەوێتە ئەودیوی دۆستایەتی و دوژمنایەتییشەوە، چونکە دوژمنایەتییەکانیش لە کۆدا دەبنەوە بە بەشێک لە پرۆسەی تێگەیشتنەکە. مەبەستم ئەوەیە گەر دوژمنایەتی و بگرە دۆستایەتییەکی ساویلکانەی «ڕەهەند»یش هەبێت، هەموو جێی خوێندنەوەن کە ئەم تێستە جێی دێڵێت و کۆی سەمپتۆم و نەخۆشییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانمان پێ دەناسێنێت. لەوێشەوە بەرەو پەیوەندیی ئەخلاق و ڕۆشنبیری، ڕەخنە و ڕۆشنبیری، نوخبە و ئەخلاق و زۆر پرسی دیکە دەچین. هەندێک پرۆژە بۆیە فراوانتر و جێگیرتر لە «مێژوو»دا دەمێننەوە چونکە پەیوەندیی بە ڕووبەری زۆر کەسی تریشەوە هەیە بە یار و نەیارەوە. لە کۆتاییی ئەم خاڵەدا با نموونەیەکی کۆنکرێتیی ئەو تێستە وەربگرین کە

سوودبەخش بوو: با یەکێک لە ڕووەکانی ئەم تێستە وەربگرین کە سوودی خۆی هەبوو: «دزیی ئەدەبی(کە هەموو جۆرە وەرگرتنێکی فیکری و تیۆرییشی تیا مەبەستە)»، بە شێوەیەکی سەیر واقیعێک بوو نەک تۆمەتێک. لەو قۆناغەدا، بەحوکمی ئەوەی بە ڕووی دونیادا نەکرابووینەوە، ئەوا پێمان وابوو هەر لێکچوونێکی سەرەتایی لەنێوان دوو دەقدا بریتییە لە دزی. پاش کرانەوەمان، زانیمان سەرتاپای جیهان خۆی لە «دزی»یەکی سەرتاپاگیر و مێژووییدا دەژی. واتە دەقەکان درێژکراوە و کارلێک و دەرهاویشتەی یەکترن. هەموو دەقەکان کۆپیی یەکن، داهێنەریش لە پنتێکی بچوکدا وەک داهێنەر دێتەبوون. دەق ئەوە نییە سەرتاپا نوێ بێت، بەڵکوو نوێبوون لە بەشێکدا دەتەقێنێتەوە کە تەناقوز(هەڤدژی) لەگەڵ دەقەکانی تردا دروست دەکات. داهێنان لە شوێنە گەورەکاندا نییە، پرۆسەیەکی پڕاوپڕیش نییە، بەڵکوو لە جێیەکی بەشەکی(جزئی)دایە کە زۆر جار کۆیەک و کۆپەیوەندییەک هەڵدەگێڕێتەوە. دەربڕینی دزیی ئەدەبی، بەر لەوەی مەبەستێکی سەلبی بووبێت، جۆرێک لە ساویلکەیی بوو لکابوو بەم مەبەستەوە. ئەم ساویلکەییەش ڕەنگە وێنەیەکی لە دینەوە بۆ ئێمە هاتبێت کە دەبێت داهێنان لە عەدەم و سفرەوە بخولقێت. «ڕەهەند» تێستێکی نیمچەحەتمی بوو تا هەندێک شتمان بۆ ڕوون بکاتەوە. دیارە ئەم تێستە لە فۆرمی جۆراوجۆردا هەر هەیە و بەر لە «ڕەهەند»یش بە قەبارە و هەلومەرجی خۆی هەبووە. ڕەنگە هەڵە نەبین گەر بڵێین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، خەریکی تێستێکی دەستەجەمعین، ئەویش نەک بەو مانایەی کە بە ئیرادەی خۆمان و بە شێوەیەکی خودئاگایانە دەمانەوێت خۆتاقیکەینەوە و بگۆڕیین، بەڵکوو هەر بوونمان لەناو زەمەنی مۆدێرندا خۆی تێستێکە و بەسەرماندا سەپێنراوە. تێستی پانتاییە ڕۆشنبیرییەکە کەمێک لەو ڕووەوە جیاوازترە کە بکەری ڕۆشنبیری تیایە و سەروکارەکە لەگەڵ فیکر و ئاگاییدایە. ئەم تێستە بۆ چالاکییەکی ڕۆشنبیری لەو ڕووەوە دەبێتە خاڵی داکوتان، کە سنووری لە تێستێکی تر جیا دەکاتەوە.

**دووەم؛** زمان خۆی هەمیشە یەکێکە لە خاڵەکانی داکوتان و جیاکردنەوەی کەسێک لە کەسێکی تر، نووسەرێک لە نووسەرێکی تر، پرۆژەیەک لە پرۆژەیەکی تر و هتد. بەڵام ئەو زمانەی لێرەدا باسی دەکەم، تەنیا زمان نییە وەک ستایلی نووسین بەڵکوو باسکردنە لە کۆمەڵێک خاڵ کە لە جێیەکدا یەکتردەبڕن و ئەو جێیەش زمانە. گەر لە ئاستە سەرەتاییەکەوە دەست پێ بکەین، «ڕەهەند» جۆرە کەشوهەوایەکی زمانەوانیی تایبەتی هەبوو. ڕەنگە زۆر نووسەری جیا تێیدا نووسیبێتیان، بەڵام سەرەنجام دۆخێکی زمانییمان هەیە هی «ڕەهەند»ـە. کاریگەریی ئەم جۆرە زمان و گوزارشتە لەکوێوە هاتووە باسێکی ترە، بەڵام زمان لە کاری «ڕەهەند»دا، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە وەک: وەسفکردن، ڕوونێتییەکی ڕێژەیی لە دەربڕیندا، گوڕخواردنەوە بۆ گوتەیەک کە دەبێت بگوترێ، تەماسی کۆنکرێتیی بە دونیای کوردەوە، و هتد. سیفەتی یەکەم جێی سەرنجمانە: لە «ڕەهەند»دا دیاردەیەک یان باسێک لە ڕێی وەسفەوە دەخرێتە ڕوو، ڕستە لەسەر ڕستە دەرگیربوونێک دروست دەبێت، جۆرێک لە لێزمەی تەعبیر و وێنە کە بەشێکیان مورادیفی یەکترن. خۆم وەک خوێنەرێکی ناوەڕاستی دووهەزارەکان، ئەم ڕەهەندە وەسفییەی زمان کاری تێکردم. لەوێوە ئەو شتەی پێ ناساندم کە زۆر جار بە شێوەیەکی گشتی پێی دەڵێین فیکر. فیکر کەمێک گشتیتر و جیایە لە زمانی فەلسەفی کە نەفەسگیرتر و ئەبستراکتتر و چەمکبارترە. هێندەی ئاگادار بم، بەر لە «ڕەهەند» کۆمەڵێک ئیمکانی تری وەسف هەبووە لە پەخشان و نووسینی کوردیدا کە جیاوازترە. ڕەنگە بتوانین بڵێین وەسف پێشتر وێنەی سەرڕاست هەبوو بۆ وەسف، بەڵام دواتر ئەو وێنەیە تێکشکێنرا و وەسف وردکرایەوە. بۆ نموونە دەوترا ئادەمیزاد قەرزارباری مەرگە. ئەمان کردیان بە: ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی بەردەم مرۆڤ، پشتگوێخستنی ئەگەری مردنە. خۆم ئەو زمانە وەسفییەم هەڵگرتەوە و ڕەهەندێکی کەمێک تیۆریتر و شیکاریترم بۆ زیاد کرد و هەستم دەکرد دەتوانێت وەک نیمچەستایلێکی لێ بێت بۆم. وەک زمانێک کە ڕستەکانی خۆی بە دەلالەتی چڕ بار بکات. لەم ڕووەوە زۆرکەسمان قەرزاری ئەو زمانە وەسفییەین. لێرەدا

دەمەوێت لە ئاستێکی شاراوەتری زمان بدوێم کە «ڕەهەند» پێیدا تێپەڕیوە، ئاستێک کە لە ڕواڵەتدا پەیوەندیی بە مەسەلەی زمانەوە نییە: ژێست.

ژێست یەک لەو چەمکانەیە دەتوانین لەپاڵ ژمارەیەکی زۆر چەمکی تردا بۆ نوێکردنەوەی کایەی ڕۆشنبیری و زمانەکەی بەکاری بێنین. ژێست لە تێگەیشتنی مندا ئەو جۆرە گوڕخواردنەوەیەیە کە بۆ ئەنجامدانی کارێک دەیخۆیتەوە، ئیدی ئەنجامەکە هەرچی بێت، ژێستەکە جۆرێک لە حوکم و نواندن و بەجێگەیاندنیشە. دەکرێت لە پرسی ژێستدا حسێب لەسەر خودی گوڕخواردنەوەکەش بکەین، نەک هەر ئەنجامەکە. ئەوەی دەگاتە زەینی ئێمە، تەنیا ئەنجامی کردارەکان نییە، بەڵکوو ئەو پرۆسە و ژێستە پێشوەختەشە کە لە ئێمە دەوەشێتەوە و لە ئێمەدا هەڵدەگیرسێت. «ڕەهەند» لەم ڕووەوە جۆرێک لە ژێستی نووسەربوونی هێنایەگۆڕێ کە لە کایەی ڕۆشنبیریدا بە ڕۆشنبیر(intellectual) دەناسرێتەوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە قورسە زمان و جووڵە و بیرکردنەوەی خۆت جیا بکەیتەوە، و دواییش ڕۆڵی نووسەر بگێڕیت تەنیا بۆ ڕێژەیەک لە خەڵک هەرس دەکرێت. لەپاش «ڕەهەند»ـەوە زۆر گەنج حەزی نووسەربوونیان تیا دروست بوو. ئیدی جیا لەوەی ئاخۆ دەتوانن دیسپلینە قورسەکانی نووسەربوون هەڵبگرن یان نا. بە ئێستاشەوە، ڕقێکی شاراوە لە مرۆی نووسەر لە زەینی زۆرینەدا هەیە. خاڵێکی فیکری لێرەدا هەیە: زۆر جار کەسانێک تا دواسنوور دوای فیکر و فەلسەفە و تەنانەت ئەدەبیاتێکی قووڵیش ناکەون، ئەو تارماییە کۆمەڵایەتییەیە کە لەپشتەوە هیچ توێژێکی جیاوازی پێ قبوڵ ناکرێت. خاڵەکە ئەوەیە کەسەکان خۆشیان بە شێوەیەکی نەستەکی و کۆنەستەکی، بە لای کایە ئاسانەکانی تردا دەڕۆن، ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ ستایشی ڕەشەخەڵکە. ژێستی نووسەربوون لەپاش «ڕەهەند»ـەوە ڕێخۆشکەر بوو بۆ شکاندنی هەندێک لەو تابۆ کۆمەڵایەتییە. بەڵام هێشتا وەک بونیاد ماوە و شەڕی گەورەتری دەوێت. بۆ ئەمەش ئاڵنگاریی شەخسی، ڕۆڵی خۆی هەیە. نووسەر دەبێت پێشوەخت لە کولتووری فلیستەر

دەرچێت، سەرەتا شەڕی تەنیایی فیزیکی و پاشان تەنیاییە ئێستاتیکی و مەعریفییەکەی خۆی بکات. کتێبگەلی وەک ترسان لە فەلسەفە(ڕێبوار سیوەیلی)، بەختەوەری و بێدەنگی(مەریوان وریا) لەو کتێبانە بوون ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی ئەم تابۆیانەیان کردووە. لێرەدا هەوڵدەدرێت زمانی تابۆیەک بشکێنرێت، دیویکی تر بۆ زمانی کوردی بکرێتەوە کە کەسایەتییەکی نوێی وەک "نووسەر" بگرێتەخۆی، ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی ئاوەڵا ببێت تا نووسەری تیا لەدایک ببێت. لێرەدا زمان کۆمەڵێک ڕستە و مەدلول و هتد نییە، بەڵکوو جۆرێک لە دەقگرتنی کۆمەڵایەتییە بە یاسا مردووەکانی خۆیەوە. لێرەدا دیسان ئێمە هێشتا لە بەردەم ناودانین نەک ناوەڕۆک، دەبوو سەرەتا نووسەربوون وەک ناوێک دەرکەوێت بەجیا لەوەی ناوەڕۆکەکەی دەگات یان نا. ئێمە زۆر جار پێویستمان بە گۆڕینی هەندێ دەربڕین و ڕستەی ناو زمان نییە، بەڵکوو دەبێت کۆی ئەو باگراوەندە بخەینە ژێر پرسیارەوە کە زمانی ڕۆژانە و ڕێساکانی تیا ئیش دەکات. هاوشوناسبوون لەگەڵ هەندێک ناوی ڕەهەندییەکاندا، کە وەک خراپە سەیر دەکرا، سەرەتای ژیانێکی نوێی ڕۆشنبیری بوو، بەڵام دەرکەوت خراپە ڕاستەقینەکە ئەوەیە تا کۆتاییی ئەم وێنەیە ڕانەکێشیت. مێژووی مۆدێرنی خۆراوایی، مێژووی ڕاکێشانی وێنەکانە تا دواسنووری لۆژیکی و ئەقڵانیی خۆی.

خاڵێکی تری داکوتانی «ڕەهەند»، کە پەیوەندییشە بە پرسی سیاسەتەوە، بریتییە لە حیزب. ڕەخنەکردنی حیزب لە لایەن «ڕەهەند»ەوە، خاڵێکی بنەڕەتییە. ئەوان لەبری چین(class)، ڕەخنەی حیزبیان کرد. ڕەخنەکەش لە زۆر دیوی حیزب بوو کە دەتوانین ناوی بنێین "پانحیزبی"، واتە ئەو دەسەڵاتە گشتگیرەی حیزب بەسەر ژیان و زمان و کایەی ڕۆشنبیری و ئاسایشی مرۆی کوردیشەوە. ڕەنگە یەکێک بپرسێت کۆمەڵگا لە چین پێک دێت نەک حیزب، ئەرگۆمێنتەکەشی ئەمە بێت: چاپچییەکی ناو حیزب چەوساوەیە، بەڵام کەسی ناحیزبیش هەیە چەوسێنەرە. بەڵام پێم وایە دەتوانین ئەو ڕەخنانە لەسەر

"پانحیزبییەت" درێژ بکەینەوە و بڵێین: حیزب لای ئێمە ڕۆڵی چینایەتییش دەگێڕێت. لانیکەم وەک قۆناغێک کە تێیداین و ئەزموونی دەکەین. ئاشکرایە حیزب تەنیا وەک فۆرم مۆدێرنە لای ئێمە، گەرنا وەک ناوەڕۆک چیرۆکێکی تری هەیە و ئاخنراوە لە قەیرانی خۆماڵی. واتێدەگەم «ڕەهەند» لە ڕێگەی ڕەخنەکردنی پانحیزبییەتەوە، ویستبێتی هەرسێ بازنەی پێکداچووی "حیزب و خێڵ و دین" ڕەخنە بکات. ئەمڕۆ بەراورد بەو قۆناغە، کێشەکانمان لە هەندێ ڕووەوە هەر بونیادیین و هەندێک نۆرمیش هەن پتر مردەڵە و ڕەقهەڵاتوون. تەنیا جووڵەیەک هەبێت لەسەر بژێوییە و ڕەهەندە زەینییەکانی مرۆی کورد بە جۆرێک لەبیرچووەتەوە. پرسی مووچە و بژێوی کەم نین، بەڵام کۆی کێشەکان نین. هەتا ئەمڕۆ کە خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردن دەکات، پتر لە ئیرەییەکەوە دێت کە نابێت هەروا ئاسان کەسانی تر دەوڵەمەند بن، نەک بەرەنجامی مەدەنییەتێکی ڕسکاو و گەشەکردوو. ئیرەیی ڕۆڵی لە هۆشیاریی سیاسیدا هەیە، بەڵام هۆشیاریی سیاسی هەمووی لە پێناوی ناندا نییە. ڕەخنەکردنی حیزب تەنیا لە پێناوی ناندا نەبوو، بەڵکوو لەو پێناوەدا بوو تا ڕەهەندێکی نوێی کۆمەڵایەتی بکرێتەوە کە زۆر چەمکی تری وەک ئازادی، تاکێتی، کەرامەت و هتد گەشە بکەن. هاوکات ڕەخنەکردنی حیزب، زەمینەیەک بوو بۆ لەدایکبوونی ڕۆشنبیر بە واتا کەمتازۆر ستانداردەکەی کە مەودای خۆی لە دەسەڵات دەپارێزێت.

هەر لە پەیوەند بەم ڕەخنەکردنە پانحیزبییەوە، خاڵێکی ئەرێنیی «ڕەهەند» و بە پلەی یەک بەختیار عەلی، پاراستنی ئەو ڕووبەرە بوو کە ڕۆشنبیری لە سیاسەت و زمانی سیاسیدا کورت نەبێتەوە و نەتوێتەوە. ئیتر سیاسەت لێرە بە چ مانایەک هەیە، فەرق ناکات. ڕەنگە بگوترێت هەموو شت سیاسییە و سیاسەت هێزی کارای بن هەموو کایەکانە. ئەمە ڕاستە، هەر ئەم باڵکێشییەی سیاسەتە کە دەبێت لێی بترسین. ئێمە کە کەلەپووری نووسین و عەقڵانیەت تێماندا لاوازە، بۆیە پاراستنی ئەم ڕووبەرە خۆی لە قۆناغی تردا ڕەنگە خزمەت بە سیاسەت بکاتەوە. سیاسەت چۆنە و جڵەوی دەسەڵات لای کێیە، هەقی

بەسەر ئەوەوە نییە ک پانتاییی ڕۆشنبیری دەبێت لەلاوە ئیشی خۆی بکات. پانتاییی ڕۆشنبیری هەمیشە شتانێکی زۆرتر لەوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە کە یەکسان بێت بە واقیع و سیاسەت. ئایدیا هەر لە کۆنەوە لە فەلسەفەدا، شتێکی سەرووترە لە واقیع. ئەمە جگە لەوەی کە فیکر خۆی دیاردەیەکی گەردوونییە و مرۆڤ ناچار نییە هەموو چرکەیەک خەریکی فیتکردنی واقیع و فیکر بێت. وەک خۆم هەندێ ساتەوەخت هەیە هیچ ئینتیمایەکم بۆ واقیعی خۆم نییە. ناکرێت خۆم لە چێژی فیکرێکی گەردوونی بێبەش بکەم هەر لەبەر ئەوەی لێرە ڕیشەی نییە و دیاردەیەکی پێ ناخوێنرێتەوە. وردتر بڵێم، فیکر هەمیشە زۆرتر و ئاوستر و دەوڵەمەندترە لە واقیع. واقیع ناوی جۆرە مەنگی و سنورداریێتییەکە کە مرۆڤەکان بە هۆی هەندێک میکانیزمی دووبارەوە شاردوویانەتەوە و خستوویانەتەگەڕ. بەڵام هەر ئەم واقیعە مەنگ و سنووردارەیە کە بێشومار شتی لەسەر نووسراوە. ئەمەش وادەکات پێشوەخت بەشێکی فیکر بە واقیع نەخوات، یان ڕای جیاواز دروست بکات. سیاسەت کە یەکێکە لە خانە هەڵسوڕێنەرەکانی واقیع، خاوتر و ڕووکەشترە بەراورد بەو هەموو ئایدیایەی لە دونیای فیکر و ڕۆشنبیریدا هەیە. بەڵام خاڵە سەیرەکە لەوێدایە کە هەر ئەم سنووردارێتییەی واقیعە وایکردووە بە شێوەیەکی بێسنوور شتی لەسەر بگوترێت و بنووسرێت. لەم کۆمەڵگایانەی ئێمە شتەکە ئاڵۆزتریشە. دەکرێت عومرێک خەریک بیت و واقیعی سیاسی بەرەو خراپتر بڕوات(بۆ نموونە جۆرج تەرابیشی پاش بەهای عەرەبی لە سوریا و بەر لە مردنی، نائومێدبوونی خۆی لە دەرەوەی سوریاوە ڕاگەیاند). هەتا لەوەش سەمەرەتر، دەشێت کۆمەڵگاکەت بخوێنیتەوە و بایی سەرەدەرزییەک سوودی پراکتیکی نەبێت و ئەگەری پیادەکردنی نەبێت.

**«ڕەهەند» وەک گفتوگۆیەکی تەواونەکراو**

«ڕەهەند» چ لەگەڵ خۆیدا و چ بۆ دەرەوەی خۆیشی گفتوگۆیەکی تەواو نەکراوە. مەبەستم لە گفتوگۆ یەک گفتوگۆی دیاریکراو نییە، بەڵکوو کۆی ئەو پرسیارانەیە کە دەرهەق بە کایەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگاکە بەکراوەیی جێیان هێشتووە. «ڕەهەند»، وەک دیاردەیەکی ڕۆشنبیری ڕۆڵی گفتوگۆیەک دەگێڕێت. خەڵکانی بەر لەوانیش دیسان هەر لە گفتوگۆدان لەگەڵمان. لێرەدا نموونەیەک لەسەر ئەم پرسەی گفتوگۆ دێنمەوە: ئێمە چەند ساڵێکە کێشەیەکی وەک "سوبێکت(سەبجێکت)" بووەتە پرس بۆمان. بۆ ئەمە هەم کتێبێکی وەک "سێوی سێهەم" ڕۆڵی هەبوو لە گەڵاڵەبوونەکەدا، هەم گەڕان و بەدواچوونی خۆیشمان. سوبێکت چەمکێکی مۆدێرنە و بۆ پێناسەکردنەوە و نوێکردنەوەی مرۆڤ بەکار دێت. مادام کایەی ڕۆشنبیرییش کایەیەکی مۆدێرنە، ئەوا هیچ ڕۆشنبیرییەک ناتوانێت خۆی لەم پرسە تیۆرییە سەرەکییە لابدات. سوبێکت سەرەتا کۆمەڵێک گفتوگۆی درێژە لە هەناوی هەر ڕۆشنبیرییەکدا. بەو دواییە گەڕانەوەیەکی بچوکم هەبوو بۆ خوێنەوارەکانی سەدەی پێشوو تا بزانم کێ پتر خۆی لەم کێشەیە خولقاندووە. ئەوەی بەریکەوتم، ئەوە بوو کە "مەسعود محەمەد" بەپێی کەرەستە و ئیمکانی خۆی و لەژێر باسی «زات و مەوزووع»دا بە جۆرێک دەرگیری کێشەکە بووە. لەوێوە دەبوو بچینە گفتوگۆوە لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی وادا تا بزانین لەبن ئەم چەمکەدا چۆن مامەڵەی بە زۆر کێشەی مۆدێرنی تری وەک دیموکراسی، هاووڵاتی، مێژوو، هتدەوە کردووە. سەرەنجام لەو دەرەنجامە نزیک بوومەوە کە بە مانا مۆدێرنەکەی، مەسعود محەمەد دۆزەرەوەی قاڕەی مێژووە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا. هەر ئەوەی کە ئالتۆسێر مارکس بە دۆزەرەوەی قاڕەی مێژوو دادەنێت و لە زەینی خەڵکیشدا کۆلۆمبس بە قاڕەی ئەمریکا، لای ئێمەش نووسەرێکی ئەودەم لەناو نەریتی ڕۆشنبیریدا نەک سیاسی، پێداگرییەکی تایبەت لەسەر پەیوەندیی کورد و مێژوو دەکات. بەم مانایە، ئێمە لە گفتوگۆیەکی تەواونەکراودابن لەگەڵ هەموو ڕابردووماندا. نامەوێت بڵێم ئێمە بەرامبەر بە هەر بیرکەرەوەیەکی خۆراوایی، دانەیەکی خۆماڵیمان هەیە، بەڵکو لە هەندێ چەمکی گشتیی مۆدێرندا دەکرێت ڕۆڵی

کەسێک لەوەدا لەبەرچاو بگرین کە دەستی بۆ پرسێک بردووە و "تەوقیت" ڕۆڵێکی مێژوویی بەسەردا داوە.

چەمکی «نەوە» هەرچی بێت، تەمەن و بایۆلۆژیا بێت، کاتمەندی و جەبری کات بێت، داهێنان و تەوقیتی درووست و دەسپێشخەری بێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە گفتوگۆکان بۆ ئێمە بەکراوەیی دەمێننەوە. ڕەنگە هەر نەوەیەک بە ناوێک و پرسیارێک و کێشەیەکی تایبەت دەست پێ بکات، بەڵام ئەم دەسپێکە کۆتاییی یەکجارەکیی ڕابردوو نییە، بەڵکوو سەرلەنوێ چالاک کردنەوە و ڕاکێشانەوەی ڕابردووشە. بۆ کورد کە زنجیرەیەکی مێژوویی پەیدەرپەی نییە، ئەوا کایەی ڕۆشنبیری وەک کایەیەکی خۆنشین(ئیمانێنت) دەمێنێتەوە. واتە پرسەکان و پرسیارەکانی یەک لەناو یەکتردان، لە لۆچ و هاوکات بنبەستی تایبەتیشدا دەژین. هێند هەیە گفتوگۆ بەرەنجامی ئەم بنبەستانە بێت.نەوەکان دەکرێت سەرباری هەر چالاکییەکی تر، هەمان کات خەریکی یەک کێشەش بن. بۆ نموونە کێشەیەکی مەیلەو نەگۆڕی وەک کورد، بەناو چەند نەوەیەکدا تێدەپەڕێت. کورد کە ناگۆڕێت، تۆ چەندە ڕوانین و میتۆدیشت بگۆڕیت، ئەو جاریَ هەر وەک نەگۆڕێک دەمێنێتەوە. لێرەوەیە هیچ ڕۆشنبیرێکی ناو کایەکە لە ڕابردووی ئێمەدا وەک ئۆنتۆلۆژیا تێناپەڕێت، بۆیە وشەیەکی وەک "تێپەڕاندن" وشەیەکی ئیرادەگەرا و سادەیە. کات خۆی تێدەپەڕێت، بۆیە هیچ تێپەڕاندنێک لەوەی کات سەرووتر نییە. ڕەنگە لە وەڵامی پرسێکدا کەمێک تێپەڕین، بچینەپێش، بەڵام ئەگەری هەیە لە پێچێکدا ناچار بین بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان. بگرە ئەمە نەک هەر خەوش نییە، بەڵکوو کۆتاوێنەی پانتاییی ڕۆشنبیرییە کە بکرێت دروست بکرێت. ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ ئەفلاتوون، واتای کاملکردنی ئێستایە لە فیکری خۆراوادا.

دەکرێت یەک لە ڕەخنەکان ئەوە بێت کە بەشێک لە«ڕەهەند» کەمێک پەلەیان کرد لە بەکارهێنانی چەمکی نوێبوونەوە. ئەو نوێبوونەوانەی لێرە ڕوویانداوە پتر عەرەزیین نەک

جەوهەری، پتر لەناو کاتدان نەک مێژوو، زیاتر میکانیکین و لەژێر فشاری تردا دروستبوون نەک دیالەکتیکی و بەرهەمی ناوەکیی خۆمان بن. سەیرکە مرۆی ئێمە دەمێکە لەناو جیهاندایە بەڵام بەجەوهەر زۆر نەگۆڕاوە. گۆڕان پەیوەندیی بە چەمکێکی وەک **ئەوی تری گەورە**(The Big Other)وە هەیە، نەک جوگرافیا. ئەوی تری گەورە ئەو نیگا گریمانە کۆمەڵایەتی و زەینییە کە زۆر لە جوگرافیاکان قایمتر و فراوانترە. پۆرنۆی بەناو کوردی لەبەر ئەوی تری گەورەی کوردی ڕەتکرایەوە، گەرنا ئەو کچە خۆی لە کولتوورێکی تردا گەورە ببوو. نوێبوونەوە بەرهەمی جۆرە کۆنییەکی دیالەکتیکە، بەس ئاخۆ ئێمە کۆنیی لەم جۆرەمان هەیە؟ بۆچی پرۆژەکان بەتەواوی لەناو کۆنییە مێژووییەکەدا ناڕسکێن و بیر بهێنرێنەوە و ونیش دەبن؟ "مەریوان وریا" لە کتێبێکی کۆنیدا شتێکی شیاو دەڵێت کە پێدەچێت دواتر لەبیر کرابێت. ئەو دەنووسێت مارکسیزم باسی گۆڕان دەکات، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە بۆچی دنیای ئێمە ناگۆڕێت؟ لەسەر ئەم ڕیتمە دەپرسین: بۆچی وەڵامێکی تۆکمە و پرۆژەئاسا و ڕەخنەیی بە واتا مۆدێرنەکەی دەرهەق بە ڕەهەند دروست نەبوو؟ چونکە خەلەلێک هەیە، خەلەلێکی گەورە. ڕەخنە بەدیاریکراوی بە نموونە وەربگرە. بۆچی هیچ مرۆیەکی کورد، بە ئاڵنگارییەوە ئەم حوکمە دەدەم، ڕەخنەی قبوڵ نییە؟ چونکە پرسەکە شەخسی نییە. ڕەخنە پەیوەندیی بە ڕەخنەلێگیراوەوە نییە، وەک چۆن ڕەخنەی"ڕەخنەگر"ـەکەش لە زۆر شتی پەنهان ئالاوە. ڕەخنە پەیوەندیی بە ئەوی ترەوە هەیە، کۆی نیگای ئەوی تری گەورە، ئەو پانتاییە ڕەمزی و کۆمەڵایەتییەی کە ئاڵوگۆڕە ڕەخنەییەکەی تیا ڕوودەدات. ئێمە بایی ئەوە مێژوومان نییە بتوانین قسە لە قسەکەر جیاکەینەوە، بۆیە قسەکەر و قسەلەسەرکراو دەچنە پەیوەندییەکی گرژەوە کە پتر بریتییە لە ناپەیوەندی. مرۆی مۆدێرن، بە هەموو تەنگژەکانی خۆیەوە واتە پەیوەندی. ڕەخنە جۆرێکە لە خەسڵەتپێدانی مێژوویی، واتە هێند قسە و دەق کەڵەکە دەکەیت کە دەبێتە مێژوو، مێژووش قسەکان و دەقەکان دەخاتە پەیوەندییەوە و گرژییەکە شەخسییەکان کەم دەبنەوە. دیارە مەبەستم لە چەندایەتی و ژمارە نییە، بەڵکوو

مەبەستم ئامادەیی و یادەوەری و جێگیربوونی کۆمەڵایەتییە کە بایی ئەوە «مێژوو» بسازێنێت کە مرۆڤ کەمێک بەبابەتی ڕەخنە وەربگرێت. مێژوو گەرچی خۆی دیاردەیەکی تەواو بابەتی و دەرەکی نییە، تەواویش ناوەکی و سوبێکتیڤ نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی دیالەکتیکی و بگرە کەمێک ئاڵۆزتریشە. لای ئێمە هێشتا شتەکان ئەو هێزەیان نییە ببنە ئۆبێکتیڤ، ببنە بابەتی مێژوویی، ببنە شتی ناشەخسی بەڵکوو لەسەر شەخس و کەسەکان چڕ دەبنەوە و ئەوانیش ناتوانن گوژمی ڕەخنە قبوڵکەن و ئەو بینەرانەشی لەناو ئەو زمان و پانتاییەدا بینەرن، هەمان دۆخ بەرهەم دێننەوە. لە فیکری مۆدێرندا گەرچی "سوبێکت" جێی چەمکێکی کۆنتری وەک "جەوهەر" دەگرێتەوە، بەڵام دۆخی بابەتی و پانتایی ئۆبێکتیڤیش دروست دەبێت. مرۆف کە ناوی سوبێکتی بەسەردا دەبڕدرێت، دەشبێتە بەرهەمی ئەو پانتاییەی وا لە دەرەوەی ئەوەوە دەگوزەرێت و ناچارە وەڵامگۆی ڕەگەزەکانی ناو ئەو پانتاییە بێت. لێرەشەوە ناوێکی وەک «ڕەهەند» زیاتر هەر وەک ناوێک دەمێنێتەوە. ناوێک کە ناوەڕۆکەکەی تەواو ڕووناک نەبووەتەوە و زۆر جار نووسەرەکانی خۆیان ناچارن باسی نووسینەکانی خۆیان بکەن. ئەمە چارەنووسی کۆی پانتاییەکەیە.

بەختیار عەلی بۆ من تا ئێستاش جۆرێک لە تاقانەیی تیایە، بەڵام دەشکرێت کۆمەڵێک شت ببرێتە نێو گفتوگۆ و مشتومڕەوە. یەک لە گرفتە تیۆرەکانیان ئەوەیە کە پێیانوایە گەر تۆزێک پێداگرییت لەسەر مارکس یان فرۆید یان هایدیگەر و هەرکەسێکی تر کرد، ئیتر تۆ ئایدۆلۆژیت. پێم وایە ئەمە حوکمێکی ورد نییە. کۆکم کە فەزاکەمان هێند ورد و عەقڵانی نییە بواری حوکمدانی وردتر بکاتەوە، بەڵام دەشکرێت جۆرێک لە ئەرگۆمێنتی کراوە بهێڵرێتەوە. بۆ نموونە من کە پێداگری لەسەر فرۆید یان بگرە سارتەر یان هەتا نووسەرێکی خۆماڵی دەکەم هەمووکات مانای ئایدۆلۆژیبوون نییە، بەڵکوو جۆرێک لە پێداگریی هێرمیونۆتیکییە. واتە سووربوونە لەسەر ئەوەی بتوانین لەو بیرمەندە تێبگەین، چەمکەکانی بە دیاردەکان بپێوین، ناکۆکیی بە بیریارانی ترەوە دەربخەین. بۆ نموونە

لاکان کە نەیاری دۆلۆز بووە شتێک نییە ئێمە کەشفمان کردبێت، بەڵکوو واقیعێک بووە لە خۆراوا قسەی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. من بڕوام بە کراوەیی و گەڕانی بەردەوامە، بەڵام کەمێک گومانیشم لەو فرەییە هەیە کە بەشێک لە ڕەهەندییەکان بەردەوام دەیڵێنەوە. خۆراوا خۆی کە لانکەی ئەم بیرانەیە، تا دواسنوورەکان شەڕ و پێکدادانی فیکری ڕوویداوە بەبێ ئەوەی شەخسی بێتەوە، بەڵام لێرە یەک تۆز پێداگریکردن بۆ ناسینی بیریارێک وەک ئایدۆلۆژیبوون لێکدەدرێتەوە. پێموایە ئەم حوکمە خۆی لە جێیەکدا ئایدۆلۆژییە، ئایدۆلۆژیای نەناسین و نەگیرسانەوە و وەفادارنەبوون بە هیچ فیکرێکەوە. هەر بیریارێک سنوورێکی چەمکایەتی هەیە کە لەوە زیاتر بترازێت چیدی هی ئەو نییە. بۆیە ناسینی ئەو سنوورە، ناسینێکی ئەپستمۆلۆژی و هێرمیونۆتیکی و تەنانەت ئەخلاقییشە. ناکرێت بە خەیاڵی خۆت هەمووشت لەسەر بیریارێک باربکەیت. هەر بیریارێک لە ناوەوە دنیایەکی چەمکایەتیی زۆر دەوڵەمەندی هەیە، ناتوانیت بڵێیت ئەوە بەرتەسکبوونە و خۆگەمارۆدانە. هەر ئەو دونیا ناوەکییە دەوڵەمەندەیە کە وادەکات لە خۆراوا بێشومار تێکست و شەرح و ڕاڤە لەسەر بیریارێک بێتەدەرەوە. ئێمە تا دەرگیر نەبین، ناشتوانین دڵنیابینەوە لەوەی کرۆکی ئایدیای بیریارێک چییە. ناڵێم تا ئەبەد لە مەنهەجێکی وشکدا بچەقیت، بەڵکوو پێویست دەکات لەوە زیاتر دەرگیری فیکر بین کە هەیە. من خۆم لە ڕێی جۆرە دەرگیربوونێکی سەرەتاییەوە بۆم دەرکەوت کە ئەوە ئەدەبیاتی بەختیارعەلییە بە پلەی یەک باوککوژە نەک شێرزاد حەسەن. گەر مەبەست لە ئایدۆلۆژیاش خولیای وەرگێڕانە لەسەر بیریارێک یان دەروونشیکارێک، ئەوا دەبێت هەڵوێستمان لەسەر یەک ڕوون بێت: وەرگێڕان هیچ نووسەرێکی خۆماڵی ناسڕێتەوە، بەڵکوو زۆر جار ڕێخۆش دەکات ڕۆشنتر ببینین و نرخ بۆ کارەکانیان بگەڕێنینەوە. واتە مەزەندەیەکی تیۆرییمان بکەوێتەدەست تاکو بیانناسین و مافی ئەو کارانەشی بدەین کە نەبینراون. قسەیەک کە نووسەرێکی خۆجێی و کوردزمان دەکات، زۆر جار لە تێزێکی دەرەکی گرنگتر دەکەوێتەوە. لە هەندێ جێدا قسەیەکی مەسعود محەمەد یان بەختیار

عەلی بۆ من لە هەر نووسەرێکی خۆراوایی گرنگترە، چونکە دەمەوێت خودئاگایی هاوزمانەکەم بپشکنم و تێبگەم و دەرگیر بم. لە یەکێک لە سەروتارەکانی «ڕەهەند»دا هاتووە کە هیچ ڕۆشنبیرییەک بەتەنیا لەسەر وەرگێڕان ناژی و دروست نابێت، ئەمە درووستە. وەرگێڕان تەنیا یەکێکە لە چالاکیی ڕۆشنبیرییەکان. وەک خۆم حەز دەکەم زەینم ئازاد بێت و شوێن پرسیار و وەسوەسەکانم بکەوم. زۆرتر بخوێنمەوە و بگەڕێم، شت یاداشت بکەم و دایانڕێژمەوە، بەڵام وەرگێڕان لە ئاستی کاتبردندا وەک دیلێتییەکی زەینی وایە بەخۆیەوە دەتبەستێتەوە. دایم لە خەمی زنجیرەکەتدایت، خەمی کارەکە، نیگەرانی و دیقەت، بەراوردی چەندین دەق و زمان، هەوڵدان بۆ جێکردنەوەی لەناو کوردیدا و چەندین سەرێشەی تر. بەڵام سەرەنجام هەریەکە لە نووسین و وەرگێڕان لەو پێناوەدان پرسیارەکانی ناو کایەی ڕۆشنبیری چین و دەبێت چی بن؟ لەکوێدا و چۆن ڕای گشتی دروست دەبێت؟ گەر ڕاستەوخۆ ڕایەکە دروست نەبێت، چۆن دەتوانیت پشتێنەیەکی مەعریفی و زمانێکی مەعریفی بۆ دەربڕینی ڕایەکە ئامادە بکەیت. دەکرێت لە کایەیەکی ڕۆشنبیریدا چەندین پرس و چەندین ڕا بەتەنیشت یەکەوە بژین و بەدوای وەڵامدا بگەڕێن. لەم ڕووەوە نووسین و وەرگێڕان دەتوانن لەو خاڵەدا یەکترببڕن کە ئاریشە زەینییەکان و کێشە فیکرییەکانمان چین و چۆن بیانکەین پرس و پرسیار؟

هەست دەکەم لەپشت باسی فرەییەوە، جۆرێک لە لەبەرڕۆیشتن و نەزیفی ئەدەبی هەیە کە پەیوەندییەکی زاتیی بەوەی خۆراواوە نییە. زۆر جار دیقەتی ئەوە دەدەم ئاخۆ لەپشت دیاردە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانمانەوە، چەندە ڕیشەیەکی کوردییانە نوستووە. بۆ نموونە لێرە لەجیاتیی فرەیی، فرەییەک هەیە بەرەنجامی نامۆبوون نەک ناسینی یەکتر. پەرتییەکی ئۆنتۆلۆژی لەناو کورددا هەیە کە جیایە لەو پەرتییە بەماهیەت ڕێکخراوەی لە خۆراوا هەیە. لێرە فرەحیزبی بەرهەمی پەرتییە نەک فرەییە بەماهیەت ڕێکخراوەکەی ئەورووپا. لەوێ هەرچەند باسی فرەیی بکرێت، مانای فەوزا نییە، و گشتێک هەیە

پەیوەندیی بەشەکان ڕێک دەخات. لێرە هێشتا لەنێو بونیادی قسەکەی هێمن موکریانیداین کە دەشێت دەرهەق بە هەموو کورد شمول بکات. شوکر مستەفا لە کۆتاییی گفتوگۆیەکی درێژدا کاتی خۆی ئەم دێڕەی هێمن دێنێتەوە: «خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی، هەر ئەژنۆکەمە/بۆیە ڕۆژ و شەو. وەها گرتوومەتە نێو باوەشم». لە ڕاستیدا کورد وەک پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و زەینی، توخمێکی کەمتازۆر سەمەرەیە. هیچ شتێک بەتەواوی نابێتە بونیادی ئەم پەرتییەی. بۆ نموونە، مارکسیزم هەمیشە تەماسێکی بە ڕۆشنبیریی کوردییەوە هەبووە لە سەدساڵی ڕابردووی ڕۆشنبیریدا بەڵام دواتر کاڵ بۆتەوە و ون بووە. کورد زۆر جار تاقەتی باری مێژووی نییە و پرۆژەیەکی ناسیۆنالیی ڕوونی نییە. لە ڕووی فیکرییەوە، زۆر لەگەڵ ئاڵۆزیدا نایەت و لە جێیەکدا داڵغەی تاک و کۆیشی دەڕوات. بۆیە ئاساییە هەندێجار پەیوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان فیکر و واقیعدا نەمێنێت و ڕۆشنبیر ئەو مافەی هەیە لەسەر ئایدیایەکی گەردوونی بوەستێت و چێژی لێ ببینێت و ئەو چێژە لە خۆی مەحرووم نەکات کە مادام لەگەڵ واقیعەکەیدا نەگونجێت ئیتر دەستهەڵگرێت. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی جەوهەریی بە چەمکی فرەییەوە نییە، بەڵکوو جۆرە تاکتیکێکی مەعریفییە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ خۆیدا بینوێنێت.

سەرەنجامیش لە یەک جێدا کەمێک هاوڕایی و تێگەیشتنم بۆ ئەو دیدە هەیە کە واقیعی خۆمان ساکار و جیاوازترە و پێداگری لەسەر بیریارێک ئەگەری کۆمەڵێک مەترسییە کە دەشێت زۆر حاڵەتی وەک کورتکردنەوە، دەمارگیریی دەرەتیۆری، تەمەڵی و هتدی لێ بکەوێتەوە. بەڵام ناشتوانم ستایشی ئەو پێداگرییە نەکەم کە بیریارێک پێم دەبەخشێت. هەر بیریارێکی خۆراوایی مودەتێکی باشی دەوێت تێی بگەیت، زۆر جار ناشڵێم تێگەیشتن بەڵکوو ناوی دەنێم نزیکبوونەوە. ئینگلیزەکان کە وشەی approach بەکار دێنن، مەبەستیان نزیکبوونەوەیە لە چەمکێک یان بیریارێک. ئێمەی کورد و خۆرهەڵاتی چەندیش هەوڵبدەین هەر لە پرۆسەی نزیکبوونەوەداین لەوان، چونکە ١) ئەو فیکرە لە مێژوویەکی تردا ڕسکاوە و من لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە بەشێک نیم لەو مێژووە. ٢) گەر وەک

مرۆیەکی گەردوونی، مافی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئەو بیریارەشم هەبێت، ئەوا پێویستم بە کات و پێداگرییە. پێداگرییش هەمیشە لەسەر ئەو بیرمەند و نەریتە نییە، بەڵکوو گەشتە بەناو فیکری تریشدا تا دووری و نزیکیی بیریارەکە بەوانی ترەوە تێبگەین. جا پێم وایە سیفەتگەلی وەک ئایدۆلۆژی، زۆر ورد نیە و بگرە هەڵەیەکی تیۆرییشە. چونکە زۆرجار باییی ئەوە فاکتمان دەستدەکەوێت تێبگەین مرۆی کورد بەئاسانی ناتوانێت ئایدۆلۆژی بێت، ئایدۆلۆژیا هەم فۆرمە و هەم ناوەڕۆک، هەم مێژووییە و هەم کۆمەڵێک بەهاشی لەپشتەوەیە کە لە ڕابردوویەکی تەواو تیۆرییەوە دێت. ئەوەی لێرە هەیە تەعەسوبێکی زۆر جار ڕووکەشە بۆ بەرژەوەندییەک یان بەهایەکی خێڵەکی. ئایدۆلۆژیا، بەتایبەت لەناو پانتاییی ڕۆشنبیریدا شتێکە پەیوەندیی بەوەوە هەیە ڕابردوویەکی دووری نووسین و فیکرت هەبێت و یەکێک لە فیگەرەکانی مێژووەکەت بووبێتە بت. من کاتێک بتەکانی فرانسیس بیکەن دەخوێنمەوە، هەست ناکەم کورد بت و ئایدۆلۆژیای ڕۆشنبیری هەبێت. بیکەن کە ڕەخنەی ئەرستۆ دەکات و وەک بتێک سەیری دەکات، ئەوە دەریدەخات ئەرستۆ کاریگەرییەکی فیکری و مێژوویی لەسەر زەینی مرۆی خۆراوایی جێهێشتووە. بەڵام ئاخۆ ئەم دۆخە لەرزۆک و ناجێگیرەی کورد توانستی ئەوەی هەیە کە بت و ئایدۆلۆژیای ڕۆشنبیری دروست بکات؟ سەردەمانێک دەوترا فلان خوێنەر دەروێشی فلان نووسەرە، بەڵام ئاخۆ شێخێکی هێند جێگیرمان لەناو مێژوودا هەیە دوای بکەوین و لەوەش گرنگتر ئاخۆ هێند پشوودرێژیمان تیایە هەموو گوتراوەکانی شێخێک ڕاکێشین و شیتەڵیکەین و وازی لێ نەهێنین؟ باسەکەم دین نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکە لە ڕاکێشان و درێژکردنەوەی عەقڵانی کە گوتە بەسەر گوتەبێژدا زاڵ دەکەیت و بیر دەکەیتەوە و ڕەوتێکی ڕەخنەیی دەخەیتەڕێ. بۆیە دەکرێت بەردەوام بپرسین ئاخۆ ئەوەندە خەڵکت هەیە لە دەقی نووسەرەکاندا بچەقن و ڕۆبچن و ئەرگۆمێنتی لێ دروست بکەن و درێژەی پێ بدەن؟ لە ڕاستیدا، لای کەمییەکەی، گومانم لەم مەسەلەیە هەیە. ئێمەی کورد، تێکڕا زەینێکی پەرتمان هەیە کاتێک ڕووبەڕووی فیکر دەبینەوە، بۆیە هەر ئەم پەرتییە تووشی کۆمەڵێک چەمکمان

دەکات کە بەڕواڵەت فیکرییە بەڵام ناواخنەکەی حوکمێکی بەهاییە و هەڵگری سەمپتۆمەکانی کوردبوونمانە و هیچی تر. چەمکی ئایدۆلۆژیا زۆر جار یەکێکە لەو چەمکانەی کە لە لایەن بەشێکی نوسەرانی ڕەهەندەوە بەکار هاتووە. لەلایەکەوە پێمان وایە لە سەرەتای شتەکاندا دەژین و لەلایەکی تریشەوە پێمان وایە فڵان و فیسار قۆناغ و کەس ئایدۆلۆژیین. هەتا لە ڕووی سیاسیشەوە حیزبی کوردی(بۆ نموونە لە باشوور کە تیا ژیاوین) خاوەنی ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و مێژوویی نییە، هەتا لە کۆی ئەم کولتوورانەی ئێرەدا ئایدۆلۆژیا بە مانای تەواوی وشەکە ئیش ناکات. هەمیشە دەق و پەیڕەو هەیە، بەڵام بەتوندی لە واقیع جیا دەبێتەوە. ئایدۆلۆژیا لەناو دنیای ڕۆشنبیریدا بە مەرجێکەوە بەستراوەتەوە کە دەبێت کاریگەرییەکەی لەسەر واقیع ببینیت. لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەر ئەو شتەش بسڕیتەوە وا بەحسێب نوخبەیە، پێم وانییە شتێکی ئەوتۆ ڕوودەدات. نوخبە چەمکێکی مێژووییە و کارلێکێکی دیالەکتیکیی بە واقیعەوە هەبووە. هەتا زۆر جار کە باسی نالی و مەحویش دەکرێت، هەست دەکەم خەڵکانێک بوون لە سووچێکدا بەبێ ئەوەی دەرهاویشتەی واقیعێک بن و بگرە زۆربەی خەڵک هەر نەیناسیون. لە یۆنان کەسێکی نوخبەیی بەناو بازاڕدا دەگەڕا و پرەنسیپەکانی دیالۆگی دادەڕشت، لێرە هەرکەس شتی وابکات دەکرێتە گاڵتەجاڕ. ئەمە خۆی دەلالەتە لەوەی کە تا نوخبە و پانتاییی ڕۆشنبیری و چەمکەکانی ناو ئەم پانتاییە بەوردی نەخوێنرێنەوە، ئەوا تۆمەتگەلی وەک ئایدۆلۆژی شتێکی زۆر ڕوونمان پێ ناڵێت. هەتا ئەوەی بە ئایدۆلۆژیای چەپ دادەنرێت لەم کەلتورانەدا، واتێدەگەم لە ناوەڕۆکدا ڕەقهەڵاتنی دەمارگیرییە خێڵەکییە خۆماڵییەکە بێت و هەر ئەوەی واقیع بواری پیادەکردنی نادات، هەندێک لە باوەڕدارەکانی تووشی متبوون و ڕەقبوونی دەروونی دەکات کە هیچی لەو چەپە ناچێت لە خۆراوادا بە کۆمەڵێک قۆناغی گەورەتر و مێژووییتردا هاتووە. گەر لێرە ئایدۆلۆژیاش هەبێت، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە کارکرد و دەرەنجامی تری لێ دەکەوێتەوە. زۆرجاریش ماهیەتی شتێک بریتییە لە کارکرد و دەرەنجامەکانی. گەر بڕیار بێت ئەو مانا

فۆرماڵە سەرەتاییەی ئایدۆلۆژیا بەسەر شتەکاندا پیادە بکەین، ئەوا پێم وایە کەسی لێ دەرناچێت: ئەدەب و ژۆرنالیزمی سیاسی و زۆر بواری تریش ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیان بەرهەم دێنن. گەر نەشڵێم ئایدۆلۆژیا، کڵێشە بەرهەم دێنن. مرۆڤ دەتوانێت یەک کتێب لەسەر ئەو کڵێشانە بنووسێت کە ئەدەب لە واقیعی ئێمەدا ڕایاندەگرێت و لقەکڵێشەی تریشیان لێ دروست دەکات و ئەرکەکانیشان تازە دەکاتەوە و لە هەندێ جێگاشدا لەگەڵ دیندا یەکتر دەبڕن. تاکە مەبەستم لەم قسانە ئەوەیە پێم وایە پێویست دەکات بچینە ئاستێکی تری گفتوگۆوە کە چەمکەکانی وردتر و مافبەخشتر بن. ئایدۆلۆژیا لەم حاڵەتەدا و زۆر جاریش لە دونیادا وەک میکانیزمێکی بەرگریی دەروونی لێهاتووە و دژ بەو ساتانە بەکار دەهێنرێت کە کۆئەندامی دەروونیی کەسەکە پێ وەڕسە. واتە جۆرێک لە دەرهاوێژیی تەنگژەیەکی دەروونی تا لە خۆ دووربخرێتەوە. ئەم باسانە زۆریان دەوێت و خەون بەوەوە دەبینم ڕۆژێک دۆخێکی ئۆبێکتیڤ و بابەتی و عەقڵانی برەخسێت تا هەموومان سەرنجی عەقڵانیی خۆمان بخەینە ڕوو. لە فەزایەکی وەک ئەمڕۆ هەموو ڕەخنە و سەرنجێک یەکسەر وەردەگەڕێتە سەر خراپە(evil)، سەر کورتبوونەوە و نەگەیشتن، سەر دەرگیربوونی شەخسی.

من بڕوام بە فرەیی هەیە وەک ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ژیان خۆی فرەیی ڕووت نییە. ژیان هەمیشە تراومایەک و فرەییەکە. واتە لە بن فرەییەکاندا سنورێکی توندوتیژ نوستووە، جۆرێک لە شۆرتی بەزەبر، شێوازێک لە تێکدانی فرەییەکە. زۆر جار کەسێک بۆیە داکۆکی لە فرەیی دەکات تاکوو خاڵێک لەو نێوانەدا ون ببێت. ئەم ونبوونە زۆرجار ئاساییە و مافی هەرکەسێکە، بەڵام هەندێ جار شتی چارەنووسساز ون دەکات. گەر نمونەیەک بێنمەوە: کە دەوترێت وەستان لەسەر یەک فەیلەسوف دۆگم و دین دروست دەکات، ئەوا ڕێک خۆمانین دینی بیردەکەینەوە. چونکە تووشی شوبهاندنێکی دینی-ئەدەبی هاتووین و هەر جۆرە هەڵوەستەیەکی شاقووڵی بە دۆگم و دین دادەنێین. لە کاتێکدا

فرەییەکی تایبەت لە هەناوی فیکری هەر فەیلەسوف یان بیریارێکدا نوستووە. فرەییەک کە بێگومان سنووری جیاکەرەوەی بە فرەیی ناو سیستەمێکی تیۆریی ترەوە هەیە. وا گومان دەکەم ئەم فرەییەی لێرەدا باس دەکرێت پەیوەندیی بەو فرەییەی خۆراواوە نەبێت، بەڵکوو فرەییە کوردییەکەیە و تێکەڵ بە زمان و زاری قسەکەرەکە بووە. واتە جۆرە فرەییەکە کە هەڵهاتنە لە خۆکۆکردنەوە و تێگەیشتن لە بیرمەندێک. فرەیی ڕاستەقینە ئەوەیە بتوانیت فرەییە چەمکایەتییەکەی بیرمەندێک لە هەموو دیاردەکانی ژیاندا بدۆزیتەوە و تێی بگەیت. ئەم جۆرە حوکمدانەی سەرەوە ناهێڵێت ڕێیەکی وا بگریتەبەر، چونکە لە ئەسڵدا داکۆکی لە زەینێکی ئەدەبی دەکات کە ئەم زەینەش لە سەرووەختی تراوما و بنبەستەکاندا لەبری دانپیانان، کەچی بۆ لایەکی تر دەگوازێتەوە و چرکەساتەکە سارێژ دەکات. هەتا تێگەیشتن لە مارکس بە مانای چەقبەستن نایەت، بەڵکوو توانایەکی زۆری دەوێت مرۆڤ تا کۆتاییی بیری مارکس بڕوات و جیهان لە ساتە وردەکانیدا تێبگات. مارکس تووشی کورتکردنەوە هاتووە کە یەکسەر دەبەسترێت بە شەڕی بۆرژوا و پرۆلیتارەوە، گەرنا مارکس بەئیمتیاز فەیلەسوفە، ئیش بە چەمکانێکی پەیوەست دەکات، میتۆدێک بۆ تێکشکاندنی دژەچەمکەکان بەکار دێنێت، ئەو ئەنجامەی لێرەدا پێی گەیشتووە هەڵیدەگرێت تا لە جێیەکی تردا و لەناو فرەییەکی چەمکایەتیدا بیانلکێنێت بەیەکترەوە. فرەیی بیرمەندان، بەگشتی فرەییەکە لەناو یەکدا، نەک وەک ئەم فرەییە شیعارییەی ئێمە کە فرەییەکە لە فەزایەکی ئەبستراکت و بێچوارچێوەدا.

«فۆرم»ی کەسایەتی لە بێشومار ڕەگەز پێکهاتووە، شتانێک کە بەشێکی بۆ کەسەکە خۆیشی نەبینراوە. کەسایەتیی شەخسی و کەسایەتیی ڕۆشنبیرییش. پێم وایە کەسایەتی لەسەر کۆمەڵێک هێڵی پانی و درێژی گەشە دەکات. هەیە بە هێڵێکی هەڵەدا شۆڕدەبێتەوە و گەشە سەرەتاییەکەی خۆیشی تێک دەدات. نووسەرمان هەیە بە چەند کارێکی باش هێنای، بەڵام ئێستا کەوتووەتە ناو هێڵێکی هەمەپەسەند و بەربادەوە کە وردەوردە وێنەی

ڕابردووی خۆیشی کاڵ دەکاتەوە. نووسەربوون خزمەتکردنی ئەو هێڵانەیە کە لە مێژووی نووسین و سانسۆرەکانی دوور ناکەونەوە. هەر دوورکەوتنەوەیەک، باجی خۆی هەیە. ئەم خاڵە ڕەنگە لەلاوە تێپەڕێنرابێت، بەڵام ڕۆڵی هەبووە لەوەی نووسەرانی «ڕەهەند» بمێننەوە. ئەو چەند ساڵەش فەزای مەجازی، لە هەندێ ڕووەوە پانتاییی ڕۆشنبیری بەرەو سادەیی و ژۆرنالیزمێکی گشتی برد، بەڵام بەشێک لە کاری «ڕەهەند» وەک کاغەز مایەوە و پەیوەندیی بە واقیعەوە نەپچڕا. ڕۆشنبیری لە کرۆکی خۆیدا، سەرەنجام لەسەر کتێبی کاغەز دروست دەبێت نەک فەیسبوک. لە کۆتاییدا خاڵێک هەیە، تەکنیکی دەردەکەوێت، بەڵام ناوەڕۆکێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییشی هەیە. مەبەستم بۆ فیکر و کاری ڕۆشنبیری دەبێت دیسپلینت هەبێت، قوربانیدان و یەکلابوونەوە، ژیانت دابین بێت، مەودا کۆمەڵایەتییەکەت زۆر گرژ نەبێت، جۆرێک لە تەنیاییت هەبێت. سپینۆزا کاتی خۆی وتی تەنیاییەکەم لە سووچێکدا بدەنێ و هەموو شت بۆ ئێوە. ماهیەتی نووسەر، بە مانایەک، نووسینە. لەم ڕووەوە گۆڤاری «ڕەهەند» زیاد لە جارێک هەڵوێستی ڕوون و ئەرێنی هەبووە. داواکراوە کەمینەیەک لە خەڵکی نووسەر لە کاری لاوەکی و دەوامی زیادە و وەزیفەی سیاسیی بێکەڵکدا بەهەدەر نەدرێت. ئەمە خۆی دەلالەت لە کێشەیەکی گەورەتر دەکات، ئەوەی کە نوخبە شوێنێکی کۆمەڵایەتیی جێگیری لە سیاسەتدا نییە. ژیانی کۆمەڵگایەک، بە هەموو پەرتییە ناوەکییەکانیەوە، هێشتا ناچارمان دەکات وەک **کۆ**یەک لێی بڕوانین.

**تێبینی**: بەشێک لە نووسینێکی درێژتر